سبەی پەرلەمانی کوردستان دەنگ بە پرۆژەیاسای چاکسازیی دەدات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5911) چوارشەممە 15ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 2020/1/16ی ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی پەرلەمانی کوردستان، سبەی پێنجشەممە دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی دەدات. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: بەپێی حوکمی ماددەی 5 و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی 16 و بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی 18 وبڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی 20 و ماددەکانی "47،48، 52، 54، 55، 56، 57 " لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 15ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2020/1/16 بەم شێوەیە بێت: یەکەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بە پێی حوکمی ماددەکانی "90، 91 ، 92، 96 ،97 " لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

یەکەمین ساڵەی کۆچی دوایی پێشمەرگەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان مامۆستا محەمەد مەلا قادر

زیاتر لەلاپەرە 4 بخوێنەوە



جێگری سەرۆکی پەرلەمان: پەرلەمان و حکوومەت کۆدەبنەوە



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیارە بەم نزیکانە لیژنەی دانوستانکار و پەرلەمان کۆببنەوە لە بارەی هێڵە گشتییەکانی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا. هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەرەبەیانی دوێنێ سێشەممە لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: ژمارەیەک پەرلەمانتار داوایان لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە، لیژنەی دانوستانکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگێشتی پەرلەمان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا و گفتوگۆ لەسەر هێڵە گشتییەکانی دانوستانی هەولێر و بەغدا بکرێت.

هەورامی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەوڵ دەدەن لە هەفتەی داهاتوودا کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی شاندی دانوستانکاری حکوومەت لە پەرلەمان ئەنجام بدەن. ئەم قسانەی هەورامی دوای ئەوە هات کە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە دوو ڕۆژدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی کرد.

ئاراس حەسۆ میرخان: لەگەڵ بەغدا گرفتەکانمان بەرەو چارەسەر ڕۆیشتوون



ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا دەکات و زانیاری دەخاتە ڕوو. ئاراس حەسۆ میرخان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی گوتووە: گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا ڕانەوەستاون، کێشەکە ئەوەیە بەغدا خۆی گرفتی هەیە و لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە گرفت لە بەغدایە و ئەوەی مایەی خوشحاڵییە لەسەر پرسە جیاوازەکان ئێمە گرفتەکانمان بەرەو چارەسەر و ڕێککەوتن ڕۆیشتوون.

گوتیشی: بەغدا یەکلا نەبووەتەوە کە عادل عەبدولمەهدی دەمێنێتەوە، یان نا، ئەگەر ئەوە یەکلا کراوە، زۆر پرسی دیکە هەیە چارەسەر دەبێت.

لەبارەی پرسی کاندیدکردنەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە، میرخان دەڵێ: عادل عەبدولمەهدی هۆکار و تەرەف نەبووە لەو گرفتانە، ئێستاش بۆچوونێک هەیە، کە دووبارە ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران، ئێمە لەو بارەیەوە گرفتمان نییە، بەڵام ئەمە پرسێکە پەیوەندیی بە نامالّی شیعەوە هەیە. ڕایشیگەیاند: تا ئەوکاتەی پرۆژەبودجەی 2020 دەچێتە پەرلەمان، بودجەی کوردستان بەپێی ڕێککەوتنی 2019 دێتە کوردستان.

لە تارانی پایتەختی ئێران خۆپیشاندان بەردەوامە



ئەمەریکا: کورد لایەنێکی سەرەکین لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دەیقد شنکەر، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک لەبارەی وردەکاری سەردانەکەی بۆ هەولێر ڕایدەگەیێنێت، لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، سوپاسی هاوپەیمانێتی کوردی کردووە و ئاشکراشی کردووە کە ئەمەریکا هیچ نیازێکی ئالۆزکردنی ڕەوشەکەی نییە و لەگەڵ ئارامبوونەوەی دۆخەکەیە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، شنکەر ڕایدەگەیێنێت، ئەمەریکا شانازی بە هاوپەیمانێتییەکەی لەگەڵ کورد لە عێراق دەکات و لە کۆبوونەوەکانیدا لە هەولێر باسیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووەتەوە. هەروەها شنکەر باسی لە گرنگی پێگەی کوردی لە ناوچەکە کرد و دەڵێ کورد لایەنێکی سەرەکین لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئاماژە بەوەش دەکات پەیوەندییە ستراتیژییەکانیان لەگەڵ کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1991.

ڕاشیدەگەیەنن، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێک شنکەر ڕوونیکردەوە، هۆکاری سەردانیکردنی هەولێر و نەچوونی بۆ بەغدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا دۆخی بەغدا ئالۆزە. دەیقد شنکەر، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵات ڕایدەگەیێنێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانایەکی زۆرباشی لە پاراستنی دیپلۆماتکار و ناوەندە دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا هەیە.

بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت

سەلام عەبدوڵلا

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو سەرکردانەی کە وڵات و خەڵکی خۆیان خۆشدەوێ و بە ڕۆح و بەگیان دەیپارێزن و لە پێناویدا هەزاران قوربانی دەدەن و ناهێڵن دوژمنان خاکیان داگیر بکات و وڵاتیان وێران بکات لەگەڵ ئەو بە حساب سەرکردانەی کە تەنها لە پێناو دەستکەوت و ناوبانگی خۆیاندا بێ گوێدانە خەڵک و خاک و وڵاتیان بەرەو هەڵدێر و تێکدان وێرانبوون دەبەن.

یەکەمیان لە ترسی ئەوەی وڵات و خەڵکی نەکەوێتە بندەست دوژمنان، پەنا بۆ هەموو مۆڵەت و دەرفەتێک دەبات کە گەل و وڵاتی بپارێزێ و ترسی ڕەواش دایدەگرێت بۆیە زۆر بە هۆشیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا دەکات و بێ باک نابێت لەوەی کە خەریکە ڕوو بدات. میژووش نموونەی زۆرە.

ئەمەش دەقا و دەق بە پێچەوانەی ئەو بەناو سەرکردانەیە کە باکیان لە دارمان و تێکدان و وێرانبوون و مالّوێرانی هاووڵاتیان نییە، بۆیە ئەمانە لە شوێنە شاراو و نهێنیەکانەوە قسەی زل و درۆی زەبەلاح بەبا دەدەن و ئەنجامەکەشی تەنیا لە کوشت و کوشتارو قاتوقڕی و لە دەستدانی خاک، شتێکی دیکە نییە و نابێت و نموونەش لە میژوودا زۆرە کە دیارترینیان هیتلەر و مۆسۆلینی و سەدام حوسێنە. حەسەن نەسروڵلا کە سەرۆکی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیە و و لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە خراوەتە لیستی تیرۆریستییەوە لە دوا پەیڤیدا لە شاراوگە ژێر زەمینەکەی کە جاروبار بە ڤیدیۆ شۆ خۆی نمایش دەکات، کۆمەڵێک قسەی نابەجێ دەرهەق سەرۆک بارزانی دەکات کە سەرلەبەری درۆوفیشاڵ و هەڵبەستراوە.

هەر خودی ئەم حەسەنە لە هێرشی تیرۆریستانی داعشدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەر لە حەشارگەکەیەوە دەیفەرموو کە ئەمریکا ـ کاتێک داعش ڕووی کردە کوردستان ـ ئەوسا هاتە سەر خەت و کوردستانی پاراست، کەچی ئێستا هەر خۆی بە پێچەوانەوەی ئەو قسانەیەو بانگەشەی بێسەروبەر دەکات کە تەنیا لەو جۆرە کەسانە دەوەشێتەوە، میژووی پەنجا ساڵەی ڕابردوو کە سەرۆک بارزانی لە داکۆکی لەگەل و خەباتی ڕزگاریخوازییدا و تێکۆشکانی دەوڵەتی تیرۆریستی داعشدا ڕۆڵی بەرچاوی گیراوە بە هیچ جۆرێک نابێ لەگەڵ تیرۆریستێکی ناسراودا بەڕاود بکرێت، بۆیە تەنیا ئەوە دەڵێین کە نەسروڵلا و هاوشێوەکانی تەنیا میژوویەکی ڕەش و مالّوێرانی بۆ گەلانی ناوچەکەو شەرمەزاری لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵن.

محەمەد حەکیم بۆ حەسەن نەسرۆڵڵا: شێوازی دەربڕینەکانت بەرانبەر بارزانی دوورن لە ئەتەکێتی قسەکردنی سەرکردەکان

بارزانی سەرکردەیەکی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کوردە و لە شەڕی دژی داعشدا ڕۆڵی هەبوو



محەمەد حەکیم کارگێڕی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە هەژماری تایبەت بەخۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە نووسینێکدا کە ئاڕاستەی حەسەن نەسرولڵای کردووە، لە بەشێکی نووسینەکەیدا ڕایدەگەیەنێت: کەمێک هێواش! کورد میللەتێکی بێوەفا نییە و چاکەی خەڵکی لە بەرچاوە، سەیر ئەوەیە، بەرپێزتان لەو ڕۆژەوە عێراقییەکان هانددەن تۆڵە بسێنن و حەز دەکەن عێراق بێتە گۆڕەپانی شەڕ، ئەی خۆت بۆ نافەرموو لە بەرژەوەندی ئەمەریکا بدەیت لە بەیروت!

بەگوێرەی کوردستان تیڤی، هەروەها ئەو سەرکردەیەی کۆمەڵ بۆ نەسرۆڵڵا دەشڵێت: ئاساییە ڕەخنە گرتن، بەڵام شێوازی دەربڕینەکانت بەرانبەر مەسعود بارزانی، دوورە لە ئەتەکێتی قسەکردنی سەرکردەکان، لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەدا هاتووە، دواجار وێڕای تێبینی و نیگەرانی ئێمە لەباری ناوخۆی کوردستان، بەڵام بارزانی سەرکردەیەکی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کوردە و لە شەڕی دژی داعشدا ڕۆڵی هەبوو، بەشی خۆم نەشمبیستوە شایەن بەو قسەیە بێت!

محەمەد حەکیم کارگێڕی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەشڵێت: نازانم بۆ ئەوەندە ئاماژە بە کوردستان دەکەن، وەکو ئیسرائیلی دووەم وێنای دەکەن، لەکاتێکدا حەقە ئێوەومانان و باقی سەرکردە ئیسلامییەکانی دیکەی شیعە و سوننە، جاروبار ئاماژە بە مەزڵومییەتی میللەتی کورد بکەن و بە گاڵتەش بێت بڵێن: مافی ژیان و خۆبەڕێوەبردن و گەر کرا بشڵێن: مافی دەوڵەتتان هەیە!

بۆریس جۆنسۆن: وەرن با ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بگۆڕین بەو ڕێککەوتنەی کە تەرەمپ دەیخوازێت



سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، بۆریس جۆنسۆن لەمیانی بەشداریکردنی لە پڕۆگرامێکی کەناڵی بی بی سی دا لەبارەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە دوا و گوتی: لە ڕوانگەی دۆناڵد تەرەمپەوە ڕێککەوتنەکە کەموکوڕی هەیە، وەرن با پێکەوە کار بۆ گۆڕینی ڕێککەوتنەکە بکەین و بیکەین بەو ڕێککەوتنەی کە تەرەمپ دەیخوازێت.

لە ساڵی 2015دا ڕێککەوتنێک بۆ ڕێکخستنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی تاران لە نێوان ئێران لەلایەک و چین، ئەمەریکا، فەڕەنسا، ڕووسیا، بەریتانیا و ئەڵمانیا لەلایەکی دیکەوە واژوو کرا.

بەڵام کاتێک دۆناڵد تەرەمپ بە سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرا و دەستی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کرد وەک سەرۆک، یەک لایەنە لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە و دەستیکردەوە بە سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. هاوکات بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا گرووپی "E3"یان پێکهێنا و پابەندبوونی خۆیان بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە ڕاگەیاند. ئێران داوای لە لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە کرد ڕێگری لە واشنتۆن بکەن، بەڵام ئەم داخوازییەی جێبەجێ نەکرا، هەربۆیە حکوومەتی تاران لە مانگی تەمووزی ساڵی ڕابردووەوە چەند ماددەیەکی ڕێککەوتنەکە و لە پێنجی ئەم مانگەشدا تەواوی بەرپرسیارییەتییەکانی تایبەت بە ڕێککەوتننەکەی هەڵپەسارد. حکوومەتی ئێران ئەوەیشی ئاشکراکردبوو کە ئەگەر سزاکانیان لەسەر هەڵنەگیردرێت و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزرێت دووبارە ئامادەن بگەڕێنەوە سەر ڕێککەوتنەکە.

مەرجی خانەنشینکردن بە 50%ی مووچە 76 پەرلەمانتاری ئێستا ناگرێتەوە

ڕاوێژکارێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد، 76 پەرلەمانتاری ئێستا تەمەنیان لە 45 ساڵ کەمترە و مەرجی خانەنشینکردن بە 50%ی مووچە، نایانگرێتەوە. د. مەدحەت سلێمان، ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند، 76پەرلەمانتار تەمەنیان لە خوار 45 ساڵییەوەیە، بۆیە لەو ژمارەیە، هیچیان یاسای خانەنشینیی نایانگرێتەوە، بەڵام ئەمە یەکلا نەکراوەتەوە کە لە داهاتوودا چەندیان پێ دەدرێت.“

ڕوونیشی کردەوە، بەپێی یاساکە، ئەوەی 15 ساڵ خزمەتی هەبێت و تەمەنی لە سەرووی 45 ساڵەوە بێت، بە 50%ی مووچەکەی خانەنشین دەکرێت، بەڵام ئەوەی لە 45 ساڵ کەمتر بێت و خزمەتیشی کەمتر بێت، ئەوا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ 25%.

ئەوەشی نەشاردەوە کە ساڵانی خزمەت و دەرمالّە و بروانامە و چەند بابەتێکی دیکە کاریگەرییان لەسەر مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران دەبێت، بەڵام ”سەرجەم ئەم بابەتانە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ڕێک دەخرێنەوە، هێشتا نازانرێت خانەنشینیی پەرلەمانتاران بە دیاریکراوی چەندە.“

ڕاوێژکارەکەی پەرلەمانی کوردستان جەختی کردەوە کە پرۆژەیاسای چاکسازی لە مووچە و دەرمالّە و خانەنشینی، ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و تەنانەت پەرلەمانتاران دەگرێتەوە.

دوێنێ سێشەممە 14ی1ی2020پاش زیاتر لە دوو ڕۆژ گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی، پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ پرۆژەیاساکە کرد و بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە دەنگی لەسەر بدرێت.

د.ڤیان سەبری:

پرسی دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی داهاتوو، تایبەتە بە لایەنە شیعەکانەوە



دوای ئەوەی لایەنە شیعەکان نەیانتوانی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران یەکلا بکەنەوە، لە ئێستادا دەنگوباسی میدیاکان گەرمە بۆ ئەوەی دووبارە عادل عەبدولمەهدی ببێتەوە سەرۆکوەزیران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێ: ئێمە پێشتر لەسەر عادل عەبدولمەهدی ڕەزامەندیمان دابوو و هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ نەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران یەکلا بکرێتەوە، پێویستە شیعەکان خۆیان ڕێک بکەون.

د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە کابینەی ئێستای حکوومەتی عێراقدا ئێمە دەنگمان بە عادل عەبدولمەهدی دا کە ببێتە سەرۆکوەزیران و کاندیدی شیعەکان بووە و لایمان لەسەر ناویراو نەبووە، چونکە ئەگەر شیعەکان لەسەری ڕازی بن، ئێمە لایمان نییە و کەسایەتییەکی بەرێزە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، بۆیە سەرەتا ڕای شیعەکان گرنگە و ئەو پۆستەش پشکی ئەوانە.

سەبری باسی لەوەش کرد: هەرکاتێک شیعەکان کاندیدی خۆیان دیاری کرد، ئینجا عادل عەبدولمەهدی بێت یاخود کەسێکی دیکە، ئینجا ئێمە ڕای خۆمان لەسەری دەردەبڕین، چونکە ڕای شیعەکان گرنگە و پێویستە سەرەتا ئەوان خۆیان یەکلا بکەنەوە دواتر ڕای لایەنەکانی دیکە وەربگرن.

سەعد جەواد قەندیل بۆ خەبات:

عێراق پابەند نابێت بەسزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران

خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

باڵیۆزی کۆماری عێراق لە تاران تەئکید لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان بەغدا و تاران دەکاتەوە و دەڵێ بەرپرسانی هەردوو وڵات ڕێککەوتوون کە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ دوو هێندە لە نێوانیان بەرز بکەنەوە. سەعد جەواد قەندیل لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی لە سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران کرد و گوتی: عێراق بەشێک نییە لە مەنزوومەی ئەو وڵات و لایەنانەی کە سزای ئابووریان بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران سەپاندووە و عێراق بەردەوام دەبێت لەپەرەپێدانی پەیوندیی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و ئێستا ساڵانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان بەغدا و تاران نزیکەی 12 ملیار دۆلارە و بەرپرسانی هەردوو وڵات ڕێککەوتوون کە ئەم ڕێژەیە بۆ 20 ملیار دۆلاری ساڵانە بەرز بکەنەوە.



جەواد قەندیل باڵیۆزی عێراق لەتاران لە دێڕەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران تاکلایەنەیە و هیچ میسداقیەتێکی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی نییە بۆیە عێراق پابەند نییە بەو سزایانەوە و بەردەوام دەبێ لەپەرەپێدانی پەیوندییەکانمان.

سەبارەت بەو یاداشتی نارەزایییەی کە وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەسەر بۆردومانە مووشەکییەکەی سوپای ئێران بۆ چەند شوێنێکی عێراق بەبیانووی بۆردومانی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، جەواد قەندیل گوتی هێشتا حکومەتی تاران بەڕەسمی وەڵامی نەداوینەتەوە. گوتیشی حکومەتی عێراق لەگەڵ ڕووسیا دەستی بەگفتوگۆ کردووە بەمەبەستی کرینی سستمی دژە موشەکی جۆری "S 300".

بەڕێسێکی داعش لە ڕۆژئاوای مووسڵ دەستگیر کرا

بەڕێسێکی تەندروستیی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە شارەدێی تەل عیبتە لە باشووری ڕۆژئاوای مووسڵ، دەستگیر کرا. وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، پۆلیسی نەینەوا (م. ح. م. ئ)ی دەستگیر کردووە، کە لەسەردەمی دەسەڵاتی داعش لە مووسڵ (2014-2017) بەرپرسی کۆگاکانی دەرمانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بووە. دەستگیرکردنی ئەو بەرپرسەی داعش لەکاتێک دایە، کە حەیدەر عەبادیی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق (2014-2018) لە مانگی 12ی 2017 ڕایگەیاند، داعش لە عێراق کۆتایی هات و هەموو چەکدارەکانی لەناوبران. لە مانگی 6ی2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/15 ژمارە (5911)

قسەکانی حەسەن نەسرۆڵڵا: نیگەرانی مامۆستایانی زانکۆ و چاودێرانی سیاسی بەدوای خۆیدا هێنا

د. شوان محەمەد ئەمین: زۆر دوژمنی وەک حەسەن نەسرۆڵڵا لە دژایەتیکردنی خانەوادەی بارزانی خۆیان تاقیکردووەتەوە و پەشیمانی بەر دەرگای بارزانی بوونەوە



خەبات: تریفە ئازاد

دوای ئەوەی حەسەن نەسرۆڵڵای ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنانی کە ئەمەریکا خستوویەتییە لیستی تیرۆرەوە، لە وتارێکیدا بەشێوەیەکی نەشیاو و دوور لە ئەتەکێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەند قسەیەکی نابەرپرسیارانە و دوور لە راستی، دەرهەق بە سەرۆک بارزانی و قارەمانێتی پێشمەرگە و گەلی کورد کرد، ئەمەش بووە هۆی کاردانەوە و ڕەخنەی گەلی کورد و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایانی سیاسی و چالاکوانانی سۆشیالمیدیا.

شوان محەمەد ئەمین مامۆستای زانکۆ لە کولێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین لە بەشی میژوو بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی قسە چەواشەکارییەکانی حەسەن نەسرۆڵڵا لەبارەی سەرۆک بارزانی گوتی:

ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێبەرێکە پێویستی بە ڕەحمی میژوو نییە، ئەو هەمیشە زیاتری لەوە کردووە دوژمن و نەیار و دۆست و دڵسۆز باسی بکەن و شانازی بە پێشمەرگەبوونی کردووە و گرێکوێرە و ترسی شووناس و دەوڵەتی کوردی شکاند، شکۆمەندی و باوەڕبەخۆبوونی بۆ تاکی کورد گەڕاندەوە، هەستی خۆبەپاشکۆزانینیی سڕیەوە، بۆیە ئاساییە ببێتە ئامانجی تیرۆری فیکری ئەو شەمشەمە کوێرە تاریکپەرستانەی لە تۆنێلەکانەوە دەڕوانن دەرچەیەکی ڕۆشن! لەم ڕۆژانە دوای کۆژرانی قاسم سولەیمانی لە بەغدا و بەشداری نەکردنی فراکسیۆنی کورد و سوننە لە پەرلەمانی زۆرینە شیعەی عێراقدا، ئاساییە هێرش بکرێتە سەر کوردەکان، بەهۆی پێگەی بەهێزی سەرۆک بارزانی لە ناوچەکەدا لە لایەک و پەرتەوازەیی ناوماڵی سوننەی عەرەب لەلایەکی ترەوە ئیدی شین و گریانی ئەوان بۆ حوسێن نییە بۆ هەریسەکەیە، لەکاتێکدا ئەمەریکییەکان بەشێوەی یاری ئەتاری دووەم گەورە کەسایەتیی میلیشیا و کاریەدەستی جیهانی شیعەی لە بەغدا خافڵکۆژ کرد، ئەوان ئومێدی گەورەیان لەسەر توانا وەهمییەکانی ئەو کەسایەتییە و وڵاتەکەی هەڵچنیبوو، دوای ئەو گورزە گەورەیە کاریگەری دەروونی خراپی لەسەر وەکیلەکانی دروست کرد، لەم سۆنگەیەوە حەسەن نەسرۆڵڵای ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵای لوبنانی نەیتوانی خۆی لەدەست و پێوەندی قوم و ئاخوندەکانی بەغدا ڕزگار بکات و بێگوێدانە بەها دیپلۆماسییەکان و گەڕانەوە بۆ وتاری تەندروست و سیاسییانە کەوتە و ڕێنەکردن و ساریژی دەروونی زامداری خۆی لە هێرشکردنە سەر سەرۆک بارزانی، نەتەوەی کورد و پێشمەرگە دلێرەکانی بینییەوە لەکاتێکدا ئەو نە هاوسنوورە لەگەڵ کورد و نە کورد بابەکوشتەی ئەو بووە، بەڵکو هەڵوێستی سیاسیی حەکیمانەی بارزانی و یەکهەڵوێستی کورد و پێگەی بەهێزی بارزانی لە عێراق و هەڵبژاردنی بێلایەنی لە شەڕی ئەمەریکا و وەکیلەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و درزێکەوتنی خەونی هیلالی شیعی و تێوەنەگلانی کورد لە مللانێ و هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو لایەنە نەسرۆڵڵای دووچاری سەرئێشە و ژانەسک کردەوە.

کامەران ڕەحمان نووسەر و چاودێری سیاسی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: وردبینی و لێهاتوویی و قارەمانییەتی سەرۆک مەسعود بارزانی میژوو شاهێدیەتی و ڕۆڵەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکات کە سەرۆکێکی وەکو بەڕێز کاک مەسعود بارزانی لەم قۆناغەدا ڕابەرایەتی خەباتی پڕ لە هەڤاڵییەتی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکات. بێگومان دوژمنانی کورد بە بوونی سەرۆک بارزانی زۆر نیگەرانن و بەردەوام پیلان لە دژی دەگێڕن، بەڵام ناتوانن بەسەری دا سەربکەون و هەر شکست و شەرمەزاری بەشیان بووە، چونکە سیاسەتە ڕاست و دروستەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە هێنانی ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوە ژیان بۆ هەرێمی کوردستان و گرنگی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێم و جیهان و بەردەوپێشبردنی مافە دەستوورییەکانی کورد جێگای خۆشحاڵی و ئومێدی میللەتی کوردە، بۆ دواڕۆژێکی پڕشنگدار کە ڕیفراندۆم بناغەکەیەتی. هەروەها سەرکەوتنەکانی سەرۆک بارزانی لە شەڕی داعش و تیرۆریستان دوژمنانی میللەتی کوردی تووشی شۆک کردووە. بۆیە لە ناچاری و سەر لێشێواوییان دەستیان کردووە بە قسەی ناشیاو و دوور لە ڕاستی و بوختانکردن بە بەڕێزیان، ڕەگەزێکی بەکرێگیراوی وەک حەسەن نەسرۆڵڵا کە پەروەردەی قوتابخانەی تیرۆریستانە. خەسڵەتی ترسنۆکی و ناپاکی و هەڵەوەڕی دەمارگیر و بێ متمانە و درۆزنە. کەسێکی بەد گوفتار و بەد کردار و بیر تاریکە، بۆ ئەم سەردەمی ڕۆشنگەرییە دەست نادات، کەسێکە شووناسی نەتەوەیی و نیشتمانی نییە و خاوەنی شووناسی مەزهەبی و تائیفی و توندوتیژی و تۆقاندن و کوشتنە و ناوی لە لیستی تیرۆریستاندایە. لە تێکدان و وێرانکردن و بێکاری و ترس و تۆقاندن زیاتر هیچ دەستکەوتێکیان بۆ گەلی خۆیان بەدەست نەهێناوە، کار و پیشەی تێکدانی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیرییە لە ناوچەکە. لە سەرچاوەیەکی تەڵح و پیسەوە هاتووە و دژی ئازادی وئازادیخوازانە. یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە وابەستەی ناحەزان و دوژمنانی کوردە کە بەکاری دەهێنن بۆ دژایەتیکردنی ماف و دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بە گشتی و ڕابەر و سیمبۆلی نەتەوەییمان سەرۆک مەسعود بارزانی و خەبات و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمڕۆ یا سبەی ئەویش دەبێت بە پەند و میژوو بە نەفرەتی دەکات وەک ئاغاکانی. حەسەن نەسرۆڵڵا یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە ناتوانن لەگەڵ سەردەم بژین و هەڵکەن. لە حەشارگەی تاریکدا دەژین و ئاژاوە و پیلان و خوێنڕشتن پیشەیانە. زۆر دوژمنی وەک حەسەن نەسرۆڵڵا لە ڕابردوو خۆیان تاقیکردووەتەوە بۆ دژایەتی بنەماڵەی سەربەرز و شۆڕشگێڕی بارزانی لە کۆتایی هەر هەموویان ڕووڕەش بوون و هەندێکیشیان بە شەرمەزاری پەشیمانی بەر دەرگای بارزانی بوونەوە. بە ڕابەرایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی، ئاسۆی میللەتی کورد ڕوونە، حەسەن نەسرۆڵڵاش یەکێک دەبیت لەو ڕووڕەش و شەرمەزارانە. دیارە داستانی پردێ و مەخموور و سحێلا باش تەنگاوی کردووە، بۆیە ناچارە هەوا لە سکی خۆی دەربکات.

کامەران ڕەحمان: هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک بارزانی، نەسرۆڵڵای دووچاری سەرئێشە و هەڵچوون کردووە



سیوەیلی: دۆخی عێراق نائاساییە و پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە

کۆدەنگی و تەبایی لە نێو لایەنە کورستانییەکاندا هەیە



بەڕێز فەرهاد عەتروشی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژی ٤ی ئەم مانگەدا لە بەغدا،



ساڵێک بە سەر مەرگی پیاوێک تێپەڕی
کە هەموو تەمەنی بۆ کوردستان ژیا!



د. نیاز لاجانی

ئەو شەوە چوارەد لە سەر پازدەی مانگی یەکی 2019بوو ،تا درەنگانی شەو لە خزمەتی دابوم، زۆر کەم باسی مەرگی دەکرد، ئەو شەوی گوتی: نیاز دەمەوێ بمرم!

گوتم: نا بابە گیان ئەتوو بەهێزی بەرگەی زۆر ناخۆشیت گرتووە، دەیان جار مەرگت بەزاندووە!

گوتی: باشە، کورم بڕۆ بخەوە ،ئەمن دەبێ بڕۆم!

دەفکریم دەبێ مەبەستی لە کوێ بێ ؟

گوتم: ناچم هەتا نەخەوی!

گوتی: وا خەوتم، تۆش بڕۆ!

دەوری سەعات یەک بوو، چوومە ژوورەکەی خۆم و دوو لە خزمە پێشمەرگەکان وەک هەمیشە لە لای بوون!

بە جەماعەتم گوت: ئەمن دەرگام داناخەم هەر چەندە ئەو شەوی سارد بوو، بەڵام هەستێکم بۆ دروست بوو کە شتێ رووددا! لە قەڵەقی و دڵەڕاوکێ نازانم خەوم لێکەوت یان نا ؟! سەعات دوو و چل دەقەی شەوی 2019/1/15 یەکێ لە پێشمەرگەکان بانگی کردم و گوتی کە مامۆستا وەزعی باش نییە! زانیم... بە راکردن چوومە ژوورەکەی، بینیم دڵی پیاوێکی تا سەر ئێسقان تێکۆشەر،یەکێ لە ماندووترین پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت!

مامۆستا مەلا مەحمەد مەلا قادر لە شوباتی 1934لە گوندی بیرکەپرانی دەشتی هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەرەوەر لە دایکبووە، هەر لە بنەماڵەکەیاندا سێ مامی و چەندین خزمی تری لە شەڕی هۆزەکانی کورد و عەرەب لەو دەڤەرە شەهید بوونە! بە هۆی مەلا قادری باوکی زوو ئاشنایەتی بە هزری کوردپەروەری دەبێ، لە سەرەتاکانی پەنجاکان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکا ،ئیتر لەوساوە بێجگە لە کورد و کوردستان هیچ شتێکی تری لا ئامانج نەبوو، هەموو پلە حزبیەکانی بە توانا و گیانفیدایی خۆی بڕی هەتا گەیشتە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی لە 1972و دواتریش ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە 1984!

مامۆستا مەحەمەدی مەلا قادر،هەموو ساتەکانی ژیانی، نزیک بە 60ساڵ لە کوردایەتی و پێشمەرگایەتیدا بەسەر برد، پێدەشت و چیاو کێو لە کوردستاندا نەماوە پێی ئاشنا نەبووبێ و دەست لە ملانێی لەگەڵدا نەکردبێ!

هەر لە دەشتی کاکی بەکاکی هەولێرەوە لە دەشتەکەی مێرخاسان و جوامێرانەوە، بەنهێنی لە ناو شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزێنەوە، لە دەشتەکەی گەرمیانەوە، لە کەلار و کفری لانەی شێرانەوە، تا هەورەمانی سەرکەشەوە ،هەر لە هیران و خۆشناوەتی مەڵبەندی جوامێرانەوە تا بادینانی سەرکەش پێ بە پێ بە سگی برسی و پڕ لە مەترسی و گیانفیدایی بە وردیەکی پۆڵاینەوە تێکۆشاوە و خەباتی کردووە و قوتابیەکی پاک و بەوەفای بارزانیی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. هەمیشەش باوەڕی بە تەبایی نێو مالی کورد و دەوڵەتی کوردستانی بووە!

بابە گیان با ڕۆحت ئارام بێ، تێکۆشەرانی کوردستانیان، تەنانەت ئەو بەڕێزانەی کە ڕێبازی فکریان لەگەڵت جیاواز بوو، شاهیدی جوامێری، ئازایی، ڕاسگۆیی و دەستپاکی و دڵسۆزیت بۆ دەدەن! بە شاهیدی ئەوان: تۆ نموونەی پێوەرە جوانەکانی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستانیت! ڕۆحت شاد.... ئەی ئەو کەسەی تەنیا بۆ کورد ژیای....









لە ساڵیادی ماڵئاوایی کردنی محەمەدی مەلا قادر

هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) لە ساڵی 1934 لە هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی 1958 پەیوەندی بەریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و هەر لە تەمەنی لاویەوە ئاوێتەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بووە، هەڤاڵێکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناسی پارتیمان بوو، لە ساڵی 1964 بۆتە ئەندامی لیژنەی تەفتیش و موراقەبەی پارتی، لە ساڵی1966 یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاری کۆنگرەی حەوتەمی پارتیمان، ئەو هەمیشە تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی بوو، نموونەی پارتیەکی بە وەفا و شۆڕشگێڕ بووە.

لە ساڵی 1970 بووە بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان، ئینجا لە ساڵی 1974 بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ساڵی 1975 دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ولاتی ئێران بووە، لەو قۆناغەشدا بەردەوام بووە لە خەبات و پارتایەتی لە ساڵی 1977 ئەندامی لیژنەیەکی تایبەت بووە بۆ هاوکاری و هاریکاری و کۆمەککردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخواز، بەدرێژایی خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان مامۆستا (محەمەد مەلا قادر) ڕۆڵی دیاری هەبوو لە قۆناغەکانی شۆڕشدا وەک هەڤاڵێکی کۆڵنەدەر و کادیرێکی لێهاتوو دەوری خۆی بینیوە. هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر)تەمەنێکی پراوپری لە خەبات و کۆڵنەدانێکی سەرڕاست و خۆنەویستانە بەسەربرد، هەمیشە نموونەی دڵسۆزی و کەسایەتی پاک و لەخۆبردوو بوو، کادیرێکی سیاسی قاڵبووی نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی حزبی و سیاسی بوو، هەر بۆیەش لە نێو جەماوەر و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان مایەی ڕێز و خۆشەویستی بوو.

هەڤاڵ محەمەد مەلا قادر لە ساڵی 1984 بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هەمیشە خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی پارتایەتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر بوو، کەسێکی قوربانیدەر و شۆڕشگێڕ بوو، هەردەم لە خەم و پەرۆشی یەکڕیزیی و سەرخستنی پارتیمان و بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەل و نەتەوەکەمان بوو.

لە ساڵی 1991 شانبەشانی هەڤاڵانی پارتیمان ڕۆڵ و بەشداریەکی کارای هەبووە لە ئامادەسازی و ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان، ئەوسا بەرپرسی میحوەری سنووری پارێزگای هەولێر بووە، لە ساڵی 1992 لە یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێسپێردراوە و لەو ڕووەوەش سەرکەوتووانە دەوری خۆی بینیوە. لە ساڵی 1993 و لە کۆنگرەی یازدەی پارتیماندا دووبارە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە، ئینجا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی تا کۆنگرەی سێزدەی پارتیمان، هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) یەکێک بووە لەو پێشمەرگە دێرینانەی بەرامبەر خەبات و کۆڵنەدانی نەپساوەی میدالیای بارزانیی نەمری پێبەخشراوە. هەڤاڵ (محەمەد مەلا قادر) بەدرێژایی تەمەنی پڕ بەخششی خەباتدا بەرپرسیاریتی لقەکانی یەک و دوو و چوار و هەشت و هەروەها بەرپرسیاریەتی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی و دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی هەبووە، جگە لەمانەش، چەندین بەرپرسیاریەتی و ئەرکی سەخت و قورسی سیاسی و سەربازی و ئیدداری دیکەی پێسپێردراوە و درێغی نەکردووە لە بەئەنجام گەیاندنی گشت ئەو ئەرکانە، هەروەها جگە لە خەباتی سیاسی و سەربازی خاوەنی چەندین بەرهەم و کتێبە لەوانەش (بەندنامەی ئاوارە، کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، خەباتنامە، سەربوردە، سالێک لە شێخوسان، سەربوردەی نەمران، دیوانی لاجانی).

حەیف و مخابن شەوی 2019/1/15 دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بە یەکجاری ماڵئاوایی کرد.

ئێران.. دەستگیرکردنی کۆڕی مەهدی کەڕووبی

حوسێن کەڕووبی، کۆڕی مەهدی کەڕووبی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئێران و لە ماڵەکەیدا دەستبەسەرە، بەهۆی ئەو پشتیوانییەی لە خۆپیشاندانەکانی دژبە رژێمی کردووە دەستگیرکرا. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵیی فارس، حوسێن کەڕووبی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە ماڵەکەیدا دەستگیرکراوە.

هۆکاری دەستگیرکردنی حوسێن کەڕووبی کە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی پارتی متمانەی نیشتمانە بەهۆی ئەو پشتیوانییەتی کە دەیکات لەو خۆپیشاندانانەی ماوەی سێ ڕۆژە لە ئێران بەردەوامە. میر حوسێن موسەوی و هاوسەرەکەی زەهرا ڕاهنەفەرد لەگەڵ مەهدی کەڕووبی کە یەکێک بوو لە کاندیدانی سەرکۆمار لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی 12ی حوزەیرانی 2009 لە ئێران و تانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە گرت، بەهۆی پشتوانییان لەو ڕووداوانەی دوای هەڵبژاردنەکە سەریان هەڵدا لە ماڵدا دەستبەسەرکران. ڕیفۆرمخوازانی ئێران باس لەوە دەکەن کە دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانە لە ماڵەکانیاندا لە 2011ـەوە تا ئێستا بەبێ دادگاییکردن پێشێلکردنی یاسایە.

عێراق.. فراکسیۆنی فەتح هەڕەشەی زیادبوونی گرژییەکان دەدات



فراکسیۆنی فەتح لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هۆشداری دا لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان و ڕایدەگەیەنێت کە گرژیی سەربازی زیاتر دژبە هێزەکانی ئەمەریکا ڕووددات ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە. فراکسیۆنی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری دووەم گەورە فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران کە لە کۆی 329 کورسی خاوەن 47 کورسییە.

فراکسیۆنی فەتح باڵە سیاسییەکانی ڕێکخراوی بدر، عەسائیبی ئەهلی حەق و بزووتنەوەی نوجەبا لەخۆدەگرێت کە بە نزیک لە ئێران دادەنرێن. لەوبارەوە سەرۆکی فراکسیۆنی فەتح لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد غەبان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: پێویستە حکوومەتی عێراق ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە بوونی هێزە بیانییەکان، بە تایبەتیش دوای بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئەنجوومەنی نوێنەران. محەمەد غەبان ڕاشیگەیاند، گرژیی سەربازی زیاتر دژبە هێزەکانی ئەمەریکا ڕووددات ئەگەر لە عێراق نەکشێنەوە و هۆشداری دا لەوەی کە شڵەژانی ئاسایشی ناوچەکە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن دەگەیەنێت.

ڕۆژی یەکشەممەی هەفتەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کۆتایی بهێنێت بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق. پێشتر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەڕەشەی کردبوو لەوەی ئەگەر بەغدا داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات ئەوا سزا بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت.

ئەڵمانیا:کشانەوەیەکی خێرای هێزە نێودەوڵەتییەکان داعش بەهێز دەکاتەوە

K24: هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، ئەگەر هێزە بیانییەکان لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا داعش لەو وڵاتە بەهێز دەبێتەوە و هۆشداریشیدا کە ئەو مەترسییە تەنیا عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو تەواوی ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپاش دەگرێتەوە. هایکۆ ماس، گوتی: پێویستە دەستکەوتەکانی شەڕی داعش بپارێزین، بۆیە وەکو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی گرنگە لەسەر ئەرکەکانمان بەردەوام بین لە عێراق و تەواوی ناوچەکە. ئێستا کە ئێمە لە گفتوگۆداین لەگەڵ حکوومەتی عێراقی کە پێمانوایە پێویستە هێزە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق بمێننەوە، لەبەرئەوە گرنگە پێکەوە لەگەڵ عێراقییەکان ڕووبەڕووی داعش ببینەوە.

گوتیشی: لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا داعش توانییوویەتی چەندین هێرش ئەنجام بدات و ترسمان هەیە لەوەی کشانەوەیەکی خێرای هێزە نێودەوڵەتییەکان، داعش بەهێز دەکاتەوە و هێرشەکانیان لە عێراق زیاتر دەبن و ئەمەش نەک تەنیا بۆ عێراق مەترسیدارە، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپاش مەترسیدارە و دەبێ ئەمەش ڕێگری لێبکرێت.



رەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان وەڵامی نەسرۆڵا دەداتەوە

- قوربانیدان و قارەمانێتیی پێشمەرگە هەموو خەڵکی دنیای ناچار کرد ڕێزی لێ بگرن
- پشتیوانیی ئەجێندای بیانیی لەلایەن نەسرولڵاوە بووتە هۆی دروستکردنی ئاشووب بۆ لوبنان

حەسەن نەسرووڵا لە گوتارێکدا سنووری سەرۆک بارزانی بەزاندووە، بۆیە ئێمە دەڵێین:

1- سەرۆک بارزانی چاوەڕێ ناکات ئێوە بڕوانامەی نیشتمانی بۆ پاراستنی گەلەکەی پێ بدەن، مێژووی خەباتی لەوەڕتر ڕەخنەی لێ بگیرێ.

2- قوربانیدان و قارەمانێتیی پێشمەرگە، هەموو خەڵکی دنیای ناچار کرد ڕێزی لێ بگرن و بووە نموونەی کۆڵنەدان و بۆ گەلەکەی لە مێژوودا.

3- گۆڕینی بەرهەڵستیی ئێوە لە بەرگریکردنی لوبنان بۆ پشتیوانیی ئەجێندای بیانی، بە مێژوو و کولتووری لوبنانییەکان نامۆبە و بوونەتە هۆی دروستکردنی ئاشووب بۆ لوبنان، لە بەرانبەردا زیرەکی و نیشتمانپەروەریی سەرکردە مەسعود بارزانی گەلەکەی پاراست و هەرێمەکەی بەرەو گەشانەوە و ئاوەدانیی زیاتر برد.

بریا حەسەن نەسرووڵا، ئاڕاستەکەت بەرەو خزمەتی گەلی خۆت لە لوبنان دەگواستەوە و سوودت لە ئەزموونی سەرکردە سەرۆک مەسعود بارزانی بکردایە لە قوربانیدان بۆ ڕۆژهەی وڵاتەکەی.

13ی کانوونی دووەم 2020

نووسینگەی ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان



عێراق.. پرسی دەرکردنی هێزە بیانییەکان

نووسینگەی سەرۆکوەزیران: حکوومەت لە جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان پاشگەز نابێتەوە

بڕیارەکەی پەرلەمان سەرجەم هێزە بیانییەکان دەگرێتەوە نەک تەنها هێزەکانی ئەمەریکا

نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە حکوومەت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران سەبارەت بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان پاشگەز نابێتەوە. لەوبارەوە گوتەبێژی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، ولیەم وەردە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا تیشکی خستووەتەسەر ئەوەی کە وڵاتەکەی هیچ ڕێککەوتنێک سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بۆ دڕێژەدان بە شەڕەکانی دژبە داعش واژوو ناکات. ولیام وەردە گوتیشی: حکوومەت پاڵپشتی لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات سەبارەت بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان و لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەش پاشگەز نابێتەوە. گوتەبێژی نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، ولیەم وەردە ئەوەیشی گوتووە: ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا پەسەندکردووە و تا ئێستا حکوومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

ولیەم وەردە ڕوونیشیکردەوە کە بڕیارەکە تەنها هێزەکانی ئەمەریکا ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم هێزە بیانییەکان دەگرێتەوە و گوتی: تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵ واشنتۆندا لە ئارادا نییە بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، حکوومەتیش بە ئاراستەیەکی باش هەنگاو دەنێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران. جێی باسە ڕۆژی یەکشەمەی هەفتەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکات کۆتایی بەهێنێت بە بوونی سەربازانی بیانی لە عێراق. پێشتر سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ هەڕشەی کردبوو لەوەی ئەگەر بەغدا داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بکات ئەوا سزا بەسەر عێراقدا دەسەپێنێت.

عێراق.. بڵاوکردنەوەی سوپا و پۆلیسی فیدرال لە کەربەلا



بەهۆی ئەو گرژییانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری کەربەلا باشووری عێراق ڕوویاندابوو، هێزێکی زۆری سوپا و پۆلیسی فیدرال لە شارەکە بڵاویان پێکراوە. وەزارەتی بەرگریی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوە کردووە کە ئامانج لە بڵاوپێکردنی هێزەکانی سوپا و پولیسی فیدرال لە شاری کەربەلا بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیرییە، هەوڵدەدا بۆ پاراستنی دامەزراوە گشتی و تایبەتییەکانی شارەکەیە، وبڕای ڕێگریکردن لەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن زیان بە ئاسایشی هاوواڵتیان بگەیەنن. لەمیانی خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی کەربەلادا، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا ڕوویدا ئەوەیش دوای ئەوەی بارەگای ڕێکخراوی بەدر سەربە حەشدی شەعبی لە کەربەلا لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە سووتێنرا.

لە لایەکی دیکەوە لە شاری بەسرە باشووری عێراق، شەش خۆپیشاندەر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و دواتر ئازادکران. لەوبارەوە چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی بەسرە، هەیسەم قەتڕونی بە ئاژانسی ئانادۆڵی ڕاگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان لەمیانی هەوڵەکانیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی بەردەم زانکۆی بەسرە، شەش خۆپیشاندەرانیان دەستگیرکرد. ناوبراو ئاماژەی بەوەیشکرد کە بەهۆی فشاری خۆپیشاندەرانەوە، ئەو شەش خۆپیشاندەرە ئازادکران.

ئەیاد عەللاوی لە تویتێکدا داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە پارێزگاری لە خۆپیشاندانە ئاشتییەکانیان بکەن ڕێگە بە کەسانی تێکدەر نەدەن ڕێرەوەی خۆپیشاندانەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەرن. بەپێی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، 502 کەس کوژراون و زیاتر لە 17 هەزار کەسی دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

بانگەشەیان بۆ کاری تونددڕەوی دژ بە ئەمەریکا کردووە

ئەمەریکا 21 قوتابیی سعوودی ڕەوانەی ریاز کردووە



ئەلیسا فەرەح، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، لەبارەی لێکۆڵینەوەکان لە پەلامارە چەکدارییەکەی بنکەی ئاسمانی و دەریایی فلۆریدا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە "لەمیانی لێکۆڵینەوەکاندا، 21 قوتابی سەربازی هەڵگری ڕەگەزنامەی سعوودیە دیاریکراون کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەیان بۆ کاری تونددڕەوی دژبە ئەمەریکا و بازرگانیکردن بە جەستەی مندااڵنەوە کردووە". ئەلیسا فەرەح لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەیشی خستوەتەڕوو کە حکوومەتی سعوودیەیان لە پرسەکە ئاگادار کردووەتەوە و لەگەڵ باڵیۆزخانەی سعوودیەش هەماهەنگییان کردووە بۆ نارەنەوەی خوێندکارەکان بۆ وڵاتی خۆیان.

ڕۆژی شەشی ئەم مانگە مولازمێکی سعوودی، بەناوی محەمەد سەعید شمرانی کە لە بنکەی ئاسمانی و دەریایی فلۆریدا مەشقی پێدەکرا، بە چەک هێرشێکی لەناو بنکەکە ئەنجامدا و لە ئاکامدا، سێ کارمەندی هێزی دەریایی ئەمەریکا کوژران و هەشتی دیکەش بریندارببوون، خودی محەمەد سەعید شمرانی-یش لە میانی پەلامارەکەدا، بەتەقەی هێزە ئەمەریکییەکان کوژرا.



عێراق.. کوژرانی ئەفسەرێکی پاسەوانی سنوور و ژمارەیەک چەکداری داعش

ئەفسەر لە پۆلیسی ئەنبار، نەقیب ئەحمەد دلێمی ڕایگەیاند کە لەمیانی شەڕ و پێکدادانێکی نێوان هێزەکانی پاسەوانی سنوور و چەکدارانی داعشدا لەنزیک سنووری سووریا، ئەفسەرێکی پاسەوانی سنوور و ژمارەیەک چەکدار کوژراون. نەقیب ئەحمەد دلێمی لە لێدوانێکدا گوتی: چەکدارانی داعش لە خاکی سووریاوە هێرشیانکردووەتەوە سەر فەوجی یەک سەربە فەرماندەیی پاسەوانی سنوور لە نزیک دەروازەی وەلید ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار نزیک سنووری سووریا.

ئەو گوتیشی: لەمیانی هێرشەکەدا، شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پاسەوانی سنوور و چەکدارەکانی داعشدا ڕوویداوە کە لە ئاکامدا، ئەفسەرێکی پاسەوانی سنوور و ژمارەیەک چەکدار کوژراون. نەقیب ئەحمەد دلێمی ئاماژەی بەوەیشکرد کە دوای پەڕپەڕچدانەوەیان لە لایەن هێزەکانی پاسەوانی سنوورەوە، چەکدارەکانی دیکەی داعش بەرەو خاکی سووریا هەڵاتوون. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر هێزەکانی پاسەوانی سنووری عێراق لە نزیک سنووری سووریا و بەهۆیەوە دوو پاسەوان کوژران و سێی دیکەش بریندارببوون.



سیروان مینە خان

ئەمەریکا چۆن بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت؟

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دوای جەنگی ساردەوە لە مەلمەلانێی نێوان هەردوو بلۆکی کۆمێنیستی و بلۆکی سەرمایەداری کە بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت ساڵی 1989 کۆتایی پێهات، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەوێوە ستراکچەری نێودەوڵەتی تاک جەمسەرە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەمین وڵات و دواهەمین وڵاتی جیهانە "only and lonely"لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە سیاسەتی ئەمەریکا گۆڕانکاری بەسەردا هات و سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتی چەندین بنەما و ڕێسای جیاوازی لەخۆگرت وەک ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتان و دەستێوەرنەدان و بەکارنەهێنانی هێزی سەربازی دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتان و چەندین یاسای تر تا هێرشەکەی 11 سێپتێمبەری 2001 وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سیاسەتی بەرگری لە پێگە و هەژموونی خۆی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی توانا و هێزی سەربازی و ئابووری و تەکنەلۆژی گۆڕی بۆ سیاسەتی هێرش بردن "Offensives" کەوا دوای ڕووداوەکەی 11ی سێپتێمبەر جۆرج بوشی کوڕ وتارێکی پێشکەش کرد کە جیهانی دابەشکرد بۆ دوو بەشەوە یان لەگەڵ ئەمەریکا و دژی تیرۆر یاخود دژی ئەمەریکا و لەگەڵ تیرۆرستان. بۆ ڕێگیرکردن لە تیرۆرستان پرسی کالبوونەوەی سەروەری سەربەهەڵدا بە بیانووی نەهێشتنی تیرۆربستان و پاراستنی مافی مرۆڤ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو جۆرە دەستێوەردانێک "intervention" و ڕووبەڕووبوونەوە و سیاسەتێکی گرتبەر، ئەمەش هەل و مەرجێکی لەبار بوو بۆ چەسپاندنی زیاتری بەها و بنەماکانی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا و هەروەها زیادبوونی پێگە و هەژموونی ئەمەریکا وەک تاکە زلهێزی جیهان. بەڵام ئەم کردەوانە ڕەواپەتی و ڕای گشتی لەگەڵ نەبوون بەڵکو دوای ڕووداوەکانی 11ی سێپتێمبەر زۆرترین ڕەخنە لە ڕەفتارەکانی ئەمەریکا گیراوە بەهۆی پێشلکاری و دەرچوونی لە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، لەم بارەیەوە "نای" ئاماژە بەوە دەدات کە وڵاتە یەکگرتووەکان دوای ڕووداوەکەی 11ی سێپتێمبەر زۆرێک لە بەها و پرەنسیپ و هێزی نەرمی خۆی لەدەستدا لەبەرامبەریشدا بوو بە وڵاتێکی زلهێز و کاریگەر و هەژموونکەر. جۆن مێرشایمەر تیۆرێستی "Regional hegemony" هەژموونگەرایی ناوچەیی باس لە ستراتیژیەتی ئەمەریکا دەکات، کە سیاسەتی هەژموونی هەرێمی دەگرێتەبەر بۆ بەهێزکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی، هەربۆیەش ئەمەریکا لەسەر ئاستی هەرێمی تاکە زلهێزە و دواتر هەوڵدەدات لەگشت هەرێمەکانی دیکەی جیهاندا هەژموونی هەبێت و ڕێگە نەدات هیچ دەوڵەتێکی بەهێز دروست بێت، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی جیۆستراتیژین و گرنگن ڕووبەڕووی هەر هێزێک دەبێتەوە کە بەربەست بێت بۆ سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمەریکا و مەترسی بێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی، هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەمەریکا هەوڵ دەدات سیاسەتی دەوردان "containment" بگرێتەبەر بۆ دەوردانی چین وەک ڕکابەری سەرەکی ئەمەریکا هەروەها ڕێگریکردن و لێدان لە هێزی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە وەک مەترسی و بەربەستێک بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، هەر لە ئەنجامی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە ئەمەریکا هەوڵدەدات پێگە و هێزی ئەو وڵاتانە کەم بکاتەوە بە دەوردان و لاوازکردنیان لەڕووی ئابووری و سەربازی کە بە دوو سەرەکیترین فاکتەری هێز دادەنرێن لە وڵاتدا. ئەم سیاسەتە تەنها بەرامبەر یەکە فەرمییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی "دەوڵەت" ناگرێتەبەر بەڵکو لەگەڵ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش "non-state actors" ئەنجام دەدات وەک گرووپەکان، کەسایەتییەکان و هەر هێزێک کە مەترسی بێت بۆ سەر هەژموون و پێگە و بەرژەوەندی ئەمەریکا، دەکرێت کوشتنی سەرکردەی هێزی قودس "قاسم سولەیمانی" و جێگری سەرکردەی حەشدی شەعبی "ابو المهدی المهندس" لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە شیبکرێتەوە کە سەڵمێنەری ئەوەیە سیاسەت و ستراتیژیەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووبەڕووی هەر هێزێک دەبێتەوە کە جێگای مەترسی و زیان بێت بۆ سەر بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا.

بەرپرسی لقی 16: ناوی پێشمەرگە بۆتە سیمبولی ئازایەتی و بەرگریکردن لە نیشتمان و نەتەوەکەمان



بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمی بۆ خانەوادەکەی و سۆزو وەفاداری بۆ خەبات و ماندوو بوون و گیان فیدایی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە ئامادەبوون بەگیانی خۆیان بەرگری لەنیشتمان و نەتەوەکەمان بکەن , بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکان و خانەوادە و کەس و کار و هاوڕێیانی لەسەر گلکۆکەیدا مەراسیمی چلەی ماتەمینی شەهید هێمن هەرکی بەڕێوەچوو .

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی16 تاجە گوڵینەی رێزو وەفای لەسەر گلکۆی شەهید هێمن هەرکی داناو لەوتەیەکیدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی قوڵی بۆ خانەوادەکەی ئاماژەی بەناو و رۆڵی گەورەی پێشمەرگە کرد کە ناوی پێشمەرگە بۆتە سیمبولی ئازایەتی و بەرگریکردن لە نیشتمان و نەتەوەکەمان هەربۆیەشە کە لەهەرشوێنێک ناوی پێشمەرگەدێت وەک سیمبولی بەرگریکردن سەیر دەکرێت،

بێگومان شەهید هێمن یەکێک لەو پێشمەرگە ئازام ئازاو چاو نەترسەی گەلەکەمان هەربۆیەشە جێگای ڕێزو خۆشەویستی تەواوی هاوڕێ و دۆست و هەڤاڵەکانی بوو هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەمڕۆ بەخەمباریەکی زۆرەوە هاوڕێ و دۆستان و کەس و کارەکەی لەچلەی شەهیدبوونی ئامادەبن .

دواتر خانەوادەی شەهید هێمن هەرکی سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی بەرپرسی لقی16ی هەولێرو تەواوی ئەو بەرپرس و هاوڵاتیانە کرد کە بەشداربوون لەچلەی ماتەمینی ڕۆڵەکەیان و بەشداری خەمی لەدەستدانی ڕۆڵەکەیان کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بۆ هەڤاڵ هاوەڕەنگ فاروق سەرنووسەری هەولێر

بە بۆنەی کۆچی دوایی خێزانی مامتان شێخ محەمەد نادر پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزت و کاکە شێخ دەکەین لەخوای گەورە داواکارین ئەمە دواین ناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا اليه راجعون

سەلام عەبدوڵڵا

سەرنووسەری خەبات

مەزنترین دەولەمەندی خوە شەهید کرنە دڕێکا ئاخ و نشتیمانێ خوە دا




بەرپرسێ کورد ژ بۆ ڤان هاریکاری و چارەسەریان کو ئەڤە پترە ژ سێ سالان یێ بەردەوام. ژ لایەکی دیڤە ب ئامادەبوونا بەرپرسێ لقێ ئێک، کارگێرێن لقێ، بەرپرسێ لێژنا ناوچا چرا، جێگرێ سەروکێ زانکویا دهوک، هەژمارەکا ڕاگر و ماموستایێن زانکویا دهوک، لێژنا ناوچا چرا و لژێر دروشمێ - بنکە لەشکەرێ پێشیێنە یێ کارێ پارتایەتی - بەرپرسێن ڤان بنکەیان ل سنورێن ڤێ ناوچێ هاتنە خەلات کرن، دڤان ڕێورەسماندا سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان ل سنورێ لیژنا ناوچا ئالا دگەل هەژمارەکا مالباتێن شەهیدان کۆمبوو، دڤێ کۆمبوونێ دا بەرپرسێ لقێ خەبات و قوربانییێن مالباتێن شەهیدێن سەربلند بەرز نرخاندین، د پەیڤەکێ دا گوت: خوەشترین دەم بۆ مە ئەوە دەمە دەما ئەم بشکوڕینا دایک و باب و کچ و کوڕێن شەهیدان دبینن، هوین ب ڕومەترین مروڤن ل سەر ڤێ زەڤیێ و دڤێت خەلک ژ دایکێن شەهیدان فێری ڤیانا گەل و نیشتمانێ خوە بن، مەزنترین دەولەمەندی خوە شەهید کرنە ڕێکا ئاخ و نشتیمانێ خوە. ئەڤەو مالباتێن شەهیدان سوپاسیا پێویستیان بەوە هەیە بۆ لەمەودوا چارەسەربکرێن، هەروەها ئەوە خرایە ڕوو کە دەبێت ئالیەتێک دابنرێ بۆ یەکخستنی کرێی خزمەتگوزاریەکانیان، بەر لەهەموشیان یەکخستنی تێچووی یەکەی کارەبا بۆ هەموو یەکەکانی نیشتەجێبوون وەکو یەکتری.

دواتر باس لەو هەنگاوانەکرا کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنیان و ئەو لێژنەیەش کە ڕاسپێردراوە لە پارێزگای هەولێر دیراسەی وردیان هەبێت.

بەرپرسێ لقێ گوت : زۆر دلخۆشم کو دگەل هەژمارەکا خودان قەلەمێن زێرین دامە کو ئاڤاکەرێن نڤشتێن تازەنە و دیسان لەشکەرێن ڕۆژێن گرانن و ب کەد و ماندوبوونا هەوە ئەڤ وەرار و پێشڤەچوونا ل کوردستانێ گەشە دکەت،

هەولێر... پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە خزمەتگوزاریی یەکە نیشتەجێبووەکانی شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا



خەبات/سەید فاتیح

بەرزنجی: د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لەدیوانی پارێزگا بە ئامادەبوونی هەریەک لە هێمن قادر و تاهیر عەبدوڵا جێگرانی پارێزگار، لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان و سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەری دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبا و بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان کۆبۆوە. لەسەرتای کۆبوونەوەکەدا باس لە خزمەتگوزاریی پرۆژەی یەکە نیشتەجێبووەکانی شاری هەولێر کرا و ئاماژە بەو کەم و کوڕیی و لایەنانە درا کە خزمەتگوزاریەکانیان، بەر لەهەموشیان یەکخستنی تێچووی یەکەی کارەبا بۆ هەموو یەکەکانی نیشتەجێبوون وەکو یەکتری.

دواتر باس لەو هەنگاوانەکرا کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنیان و ئەو لێژنەیەش کە ڕاسپێردراوە لە پارێزگای هەولێر دیراسەی وردیان هەبێت.

بابەتەکە بکات. پارێزگاری هەولێر لەلایەن خۆیەوە رایگەیاند وەک هەمیشە دووبارەی دەکەینەوە کە هەموو هەوڵ و هەنگاوەکانی ئێمە بۆ گەیاندنی باشترین و چاکترین خزمەتگوزارییە بە هاوڵاتی و هاوشاریانی هەولێری پایتەخت و نیشتەجێبووانی ئەو یەکانە، بۆیە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕی و گرفتەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر بە هاوڵاتیان، لە دەرکردنی هەرپارێک ئەو لێژنانەی دیاری دەکرێن دیراسەی وردیان هەبێت.

ڕانیە... پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندییەکانی نێوانیان پتەو دەکەن



ڕێکەوتی 2020/1/14 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەریی شاندی لق سەردانی مەڵبەندی 5ی کۆمەڵی ئیسلامییان کرد. لە کۆبونەوەو دانیشتنێکی دۆستانەدا، ڕاشکاوانە باسیان لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و، پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی و ، بارودۆخی سنورەکە و ، زەروورییەتی هەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان تەواوی لایەنە سیاسیەکانی سنورەکە کرا، لە پێناوی خزمەتی زیاتری خەڵکەکەی و ،هەبوونی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڤەرەکە. هەروەها خەختیان لە سەر بەهێزکردن و گەرم وگوڕیی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکان کردەوە.

وەزیری کارەبا لەهەڵەبجە: ئەوەی پێمان بکرێت بۆ هەڵەبجەی دەکەین



دوێنێ ئەندازیار کەمال محەمەد وەزیری کارەبا بەیاوەری ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجەو کاوە عەلی جێگری پارێزگاری هەڵەبجە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەڵەبجەی کرد سەرەتا سەرجەم بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەسەرکردەوەو پرسیاری لێکردن دەربارەی ئیشوکاری ڕۆژانەیان و چۆنیەتی رایی کردنی مامەڵەی هاوواڵتیان. دواتر لەدانیشتنێکدا سەعید قادر بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەڵەبجە تیشکی خستەسەر کارو چالاکییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای شارەزوور لەهەڵەبجە و رایگەیاند لەسنوورەکەیان زیاتر لە 92 هەزار بەشداربووی کارەبا هەیەو دواتر ئاماژەی بەداواکاری و کێشەو گیروگرفتەکانی سنوورەکە کرد.

وەزارەتی دارایی: دەرمالەی یاسایی فەرمانبەران نابڕدرێت

وەزارەی دارایی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی دەرمالەی فەرمانبەران ئاشکرا دەکات. بەرپرسێکی وەزارەتەکەش ڕای دەگەیەنێت، دەرمالەی یاسایی فەرمانبەران نابڕدرێت، بەڵام هەندێک دەرمالە بەدەر لە یاسا خەرج دەکرێن.

یاسین عەبدولواحید، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی دارایی وتی: هیچ بڕیارێکی پێشوەختە نییە دەرمالەی فەرمانبەران ببڕدرێت، و »دەرمالەی فەرمانبەر نابڕدرێت، چونکە دەرمالە پارەیەکە پەیوەندیی بە دەوام و ترسناکیی کارکردنەوە هەیە. بەپێی زانیارییەکان ئەو یاسایانەی لەلایەن وەزارەتی دارایی کوردستان دەرمالەکانی پێ خەرج دەکرێت، لە حەوت یاسا پێک دێن، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق دەرچوون و بەشێک لە دەرمالەکانیش بە ڕێنمایی و بڕیاری حکوومەت خەرج دەکرێن. یاسین عەبدولواحید ڕوونیشی کردەوە: »وەزارەتی دارایی لەگەڵ ڕێکخستنەوەی دەرمالەدایە، دەرمالەی بەدەر لە یاساکان هەیە، ئەوانە هیچ یاسایەک نایانگرێتەوە، بۆ نموونە، شوێن هەیە دەرمالەی 300%یان هەیە بەدەر لە یاسا و تەنیا بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران خەرج دەکرێت.«

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان، 16%ی مووچە بۆ دەرمالەی جێگیر خەرج دەکرێت، 40%یش بۆ دەرمالەی ناجێگیر خەرج دەکرێت، لیستی پەسەندکراوی دەرمالەکان 25 جۆرە، کە چوار جۆریان جێگیرە و 21 جۆریان ناجێگیرە. بەرپرسەکەی وەزارەتی دارایی جەختی کردەوە، ئەو دەرمالانەی ئێستا بە بەشی زۆری فەرمانبەران دەدرێت. دەرمالەی یاسایین، بۆ نموونە: »دەرمالەی منداڵ و خێزان و بڕوانامە دەرمالەی جێگیرن، ئەوانەی پلەیان هەیە دەرمالەی پلە و پۆستیان هەیە، هەندێک دەرمالەی ترسناکی و پیشەیی هەن، ئەویش بەپێی کارەکە پێیان دەدرێت.

هەر کەس بیەوێ دەتوانێت غازی شل بۆ هەولێر هاوردە بکات

جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کاروباری کارگێڕی ئاشکرای دەکات، بۆ لەمەو دوا هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ غازی شل هاوردەی سنوری پارێزگای هەولێر بکات. هێمن قادر جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کاروباری کارگێڕیی ڕایگەیاند: بۆ لەمەودوا هەرکەسێک مافی ئەوەی دەبێ بەپێی ڕێنمایی یاسایی و بەپێی ئەو کوالێتیەیی دیاری کراوە بۆ هێنانی غازی شل، دەتوانێت غازی شل بهێنێتە سنوری پارێزگای هەولێر.

کۆمپانیایەکی چینی و زانکۆی سەلاحەدین 200 هەلی کار بۆ دەرچووان و قوتابیانی قۆناغی چوارەم دابین دەکەن



پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەدیوانی سەرۆکایەتی زانکۆدا، پێشوازی لەشاندێکی کۆمپانیای ئێپۆی چینی کرد، کە پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکە، ئەمەو لەنێوەندی دانیشتنەکەدا باس لەهەماهەنگی و هاوکاریکردنی ئەو کۆمپانیایە تا هەلی کار ئاڵۆگۆڕکردنی بیرووڕاکان کرا سەبارەت بەهەلی کار و کار دۆزینەوە بۆ دەرچووان و قۆتابیانی قۆناغی چوارەمی زانکۆی سەلاحەدین، هاوکات سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین هەموو ئامادەییەکی دەربڕی بۆ هەماهەنگی و هاوکاریکردنی ئەو کۆمپانیایە تا هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ بدۆزێتەوە، ئەمەشی بەکارێکی بەرزنرخاند لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیای ئێپۆی چینی ئێستا هاتۆتە کوردستان و لق و نووسینگەی لە هەولێر و سلێمانیدا کردۆتەوە، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ هەلی کار بۆ زیاتر لە (200) دەرچوو و قوتابیانی قۆناغی چوارەم بدۆزێتەوە، ئەوەی شیاوی باسە لەم ماوەیەدا لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە لەڕێگەی سیمنارێکەوە سەبارەت بەهەلی کارەکان لەبواری بازاڕگەری و خزمەتگوزاری و چەند کارێکی دیکەیە ڕادەگەیەندرێ.

زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەنێوان سەرۆکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەنجامدراوە

زانکۆکانی کوردستان خوازیاری هاوکاری و هەماهەنگین لەگەڵ سەرۆکایەتی خوێندنی باڵای تورکیا

سەرۆکی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی: هەوڵدەدەین هاوکاری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەین

سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی: خوازیاری داننان و هاوکاریی و هەماهەنگین لەگەڵ زانکۆکانی تورکیا

سەرۆکی زانکۆی زاخۆ: دەمانەوێت هەموولایەک پێکەوە کار بکەین بۆ پەرەپێدانی زانستیی و پێویستە مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بکرێت



خەبات: هەولێر

زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەنێوان سەرۆکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەنجامدراوە کە مەبەست لێی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان ئەم زانکۆیانەیە و سەرۆکی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی، ئۆرهان حیکمەت عەزیزئۆغلۆ کە بەسەردانێک لە کوردستانە رادەگەیەنێت کە ئەو سەردانە و زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوەیان بۆ یارمەتیدانی زانکۆکانی هەرێم ئەنجامیانداوە.

لەبەرامبەردا بەشێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش وێرای ئەوەی داوای دانپێدانانی نێودەوڵەتی دەکەن، پێیان وایە ئەم دەروازەیە دەکرێت سەرەتا لە ڕێگەی زانکۆکانی تورکیاوە و بە هاوکاری و هەماهەنگی زانستی ئەنجام بدرێت.

سەرۆکی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی، ئۆرهان حیکمەت عەزیزئۆغلۆ لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە کە پردێکی پەیوەندی لەنێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و جیهان دروست بکەن و گوتی: "بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سێ ڕۆژ لەمەبەر هاتوویینەتە کوردستان و کۆبوونەوەمان لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک زانکۆ هەبووە، لەوانەیش سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، ئەحمەد دزەیی و سەرۆکی زانکۆی دهۆک، موسڵح دهۆکی، هەروەها سەرۆکی زانکۆی زاخۆ، لەزگین عەبدولجەمیل و سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، مەریوان ئەحمەد ڕەشید.

ئامانجمان ئەوەیە لەم ناوچەیە بۆ دەرگاکردنەوە بە ڕووی دەرەوە و هەروەها پرسەکانی زانستی".

سەرۆکی زانکۆی زاخۆ، لەزگین جەمیل دەڵێت: "ئەنجوومەنی خوێندنی باڵای تورکیا ڕۆڵێکی ئەرێنیی هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چونکە خەڵکی ئێمە حەز دەکەن لە تورکیا خوێندن تەواو بکەن و دانپێدانانی یۆک بۆ ئێمە گرنگە و ئێمە دراوسێی یەکترین و دەمانەوێت هەموولایەن پێکەوە کار بکەین بۆ پەرەپێدانی زانستی و پێویستە مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بکرێت".

ئۆرهان حیکمەت عەزیز ئۆغلۆ گوتی: "ئێمە لە ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی دەتوانین یارمەتیدەری ئەو خوێندکارانە بین کە دەیانەوێت قۆناغەکانی باکالۆریۆس، ماجستەر لە تورکیا بخوێنن و یان پەیوەندی ئاکادیمی دروست بکەن و کارئاسانی بکەن. زانکۆکانی ئێرە دەیانەوێت لەگەڵ تورکیا و سەرۆکایەتی خوێندنی باڵای تورکیا پەیوەندییەکی تەندروستیان هەبێت، بۆ نمونە زانکۆی دهۆک کێشەی هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی تورکیای نییە، بەڵام زانکۆی زاخۆ یان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی ئەو کێشەیەی هەیە. سەرۆکایەتی خوێندنی باڵای تورکیا هەندێک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و لە هەماهەنگاتدا بەغداش کۆمەڵێک بابەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە دەبێت لەم بارەیەوە هەڵسەنگاندن بکرێت هەم لە سەرۆکایەتی خوێندنی باڵای تورکیا و هەم لەسەر ئاستی زانکۆکان. پێویستە هەنگاو بنێین و بۆ ئەندامانی لێژنە زانستییەکان نوێنەرمان هەیە و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهانیشدا بتوانن پەیوەندی دروست بکەین. وەک تورکیا دەبێت بڵێم کە ئێمە لە جوگرافیا، ئایین، کولتوور و بەهاکامان لەگەڵ یەک هاوبەشین و کەسانی ئاکادیمیش بە هەستکردنی بەو بەرپرسیارێتییە هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن کە ناوچەکەمان بە ئاشتی و ئارامی و سەقامگیریدا تێپەڕ بێت".

سەرۆکی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی، ئۆرهان حیکمەت عەزیز ئۆغلۆ گوتیشی: "هەوڵ بۆ کردنەوەی بەشی زمانی تورکی لە زانکۆی دهۆک دەدەین. دوو ساڵە خەریکی ئەو پڕۆژەیەن و هاوکاری چڕمان هەیە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی دهۆک. سەرەتا پڕۆگرامەکەمان ئاماده کرد. لێرەدا سوپاسی سەرکۆنسولی تورکیا لە هەولیر بەڕێز هاکان کوردستان. زمان ئامرازی پەیوەندییە".

لەبارەی کردنەوەی بەشی زمانی تورکی، سەرۆکی زانکۆی دهۆک پرۆفیسۆر دکتۆر موسڵح دهۆکی دەڵێت، "کردنەوەی بەشی زمانی تورکی لەسەر بنەمای خواست بووە، چونکە ئێمە نزیکین لە سنووری کانی تورکیاوە. سوپاسی ئەنجوومەنی زانکۆکانی تورکیا و کۆنسولی تورکیا لە هەولیر دەکەم دەکەم بۆ ئەو یارمەتیانەی کە پێشکەشیان کردووە، ساڵی داهاتوو یەکەم ساڵی خوێندنی زمانی تورکی دەبێت لە زانکۆکەمان".

سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی، مەریوان ئەحمەد ڕەشید پرسی دانان و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بەشێک لەو زانکۆیانە بە گرفتێکی گەورە دەزانێت و دەڵێت "ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ زانکۆکانی ئێران، ئەورووپا و ئەمریکادا هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا قوتابییەکان خوێندنی ماستەر و دکتۆرا تەواو دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دان بە بڕوانامەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی نەنراوە قوتابیان ئاستەنگیان بۆ دروست بووە".

سەرۆکی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی، لەبارەی ئەرک و خزمەتەکانی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی قسەی کرد و گوتی: "ئەوەی کە زۆر گرنگە، خزمەتگوزارییەکانی ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتییە کە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیرانی تورکیا لە ساڵی 2010دا دامەزراوە و ئێستا لە 29وڵاتی جیهان نوێنەرمان هەیە و لەسەر ئاستی سەرۆکی زانکۆکان، سەرۆکی بەشەکان و ئەوەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە بەشخوراو نەبن، ئەنجوومەنی زانکۆکانی نێودەوڵەتی هەوڵی خۆی دەدات".

لە بەرامبەردا سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی، مەریوان ئەحمەد ڕەشید پرسی دانان و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بەشێک لەو زانکۆیانە بە گرفتێکی گەورە دەزانێت و دەڵێت "ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ زانکۆکانی ئێران، ئەورووپا و ئەمریکادا هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا قوتابییەکان خوێندنی ماستەر و دکتۆرا تەواو دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دان بە بڕوانامەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی نەنراوە قوتابیان ئاستەنگیان بۆ قوتابیان دروست نەبێت.

مەریوان ئەحمەد ڕەشید گوتی: "لەو ڕیزبەندییە زانکۆی ئێمە کە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی، سەرۆکی زانکۆی دهۆک پرۆفیسۆر دکتۆر موسڵح دهۆکی دەڵێت، "کردنەوەی بەشی زمانی تورکی لەسەر بنەمای خواست بووە، چونکە ئێمە نزیکین لە سنووری کانی تورکیاوە. سوپاسی ئەنجوومەنی زانکۆکانی تورکیا و کۆنسولی تورکیا لە هەولیر دەکەم دەکەم بۆ ئەو یارمەتیانەی کە پێشکەشیان کردووە، ساڵی داهاتوو یەکەم ساڵی خوێندنی زمانی تورکی دەبێت لە زانکۆکەمان".

سەرۆکی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی، مەریوان ئەحمەد ڕەشید پرسی دانان و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بەشێک لەو زانکۆیانە بە گرفتێکی گەورە دەزانێت و دەڵێت "ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ زانکۆکانی ئێران، ئەورووپا و ئەمریکادا هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا قوتابییەکان خوێندنی ماستەر و دکتۆرا تەواو دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دان بە بڕوانامەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی نەنراوە قوتابیان ئاستەنگیان بۆ قوتابیان دروست نەبێت.

مەریوان ئەحمەد ڕەشید گوتی: "لەو ڕیزبەندییە زانکۆی ئێمە کە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی، مەریوان ئەحمەد ڕەشید پرسی دانان و نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بەشێک لەو زانکۆیانە بە گرفتێکی گەورە دەزانێت و دەڵێت "ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ زانکۆکانی ئێران، ئەورووپا و ئەمریکادا هەیە لە زۆربەی وڵاتاندا قوتابییەکان خوێندنی ماستەر و دکتۆرا تەواو دەکەن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دان بە بڕوانامەکانی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی نەنراوە قوتابیان ئاستەنگیان بۆ

www.xebat.net
چوار شەممە 2020/1/15 ژمارە (5911)
خەبات



هۆزان خاڵ هەمزە

تێگەیشتن لە ئافرەت و ئازادییەکانی

گەر سەیری کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و کوردستان بە تایبەت بکرێت پێویستە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر بیر و بۆچوونی پیاو بەرامبەر ئافرەتدا بێت. ڕیزی لێبنرێت و گوێ لە قسە و بۆچوونی بگیردرێت، واتا وەک مرۆڤ سەیر بکرێت نەک کائینێکی ئارەزووشکێن. دەبێت ئەو بۆچوونە کۆنانە بگۆڕین کە ئافرەت وەک کەم عەقڵ و نیوەی پیاو و زەعیفە دەبینێت. ئافرەتێک کە ڕۆڵی گرنگی وەک دایک، هاوسەر و هاودەم دەبینێت شیاوی ڕێزی زیاترە. ئافرەت بەخێوکەر و چێشتلێنەری ماڵەوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دایناموی خێزانێکی بەختەوەر ئافرەتی ماڵەوەیە و بەس. ڕێزگرتن و خوێندن و ڕاوێژکردن پێی لە بنەما سەرەکییەکانی مافی خۆیەتی و گەر داوای بکات ئەوا هۆکاری کەمی و بچووککردنەوەی ئەو نییە.

ئیتر ئەو سەردەمی نەماوە کە پیاو بە بیانووی پیاوسالاری و بە گەورەزانینی خۆی ژیانی ئافرەتێک بکاتە دۆزەخ چونکە ئەو ئافرەتە دەبێت تا ئەوپەڕی قبوڵکردن سەر لە بەرامبەر ویستی پیاو دانوێنێت و لە بەر شەرمەی کۆمەڵگە و عەیبی بێوەژنبوون قبوڵی هەموو شتێک بکات. بەڵام من لەگەڵ ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە بە ئافرەت دراوە نیم و هەموودەم خۆپاراستنێک بە پێویست دەزانم. واتا ئازادە بە مانایەکی زۆر فرەوان دەبینم کە پێویستە خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت و بە باشی تێبگەیت تا هەندێ سنوور بەزاندن وەک ئازادی نەبینی. هەروەها پێموایە هیچ بەربەستێک لە پێش کار و ژیانی ئافرەت وەک مرۆڤ نابێت هەبێت و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ جیاکاری ڕەگەزی نیم. واتا ئافرەتیش وەک پیاو ئازادە لەوەیکە ژیان و کار و خێزان بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت. خاوەن ڕا و بۆچوونی خۆی بێت و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز بژیت.

ئافرەت بوون زۆر پیرۆزە و پێویستە خۆمان بە بایەخەوە لێی بڕوانین. هەموو کات ئەخلاق و هەڵسوکەوتی ئافرەت پێوەری گەورەیی و ڕێزیەتی کە نابێت بە ناوی ئازادییەوەش بێت هەندێ سنوور ببەزێندرێت، ئەوانەی بانگەشەی ئازادی ئافرەت ئەکەن، لە ڕاستیدا ئازادی ئافرەتیان ناوێت، بەڵکو ئازادی گەیشتن بە ئافرەتیان ئەوێت.


کارکردنی ئافرەت و کاردانەوەی کۆمەڵگە

ڕاپۆرت/ پەریها عومەر

ئەگەرچی بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵەوە زۆر زیاتر بووە و ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە کۆمەڵگە تەواو هەستی پێدەکرێت، بەڵام تا ئێستاش ژمارەیەک کەس بە تایبەت لە ڕەگەزی پیاو هەیە کە ناتوانێت قبوڵی ئەو گۆڕانکارییە بکات و نەک قبوڵ بەڵکو ڕووبەڕووشی دەوستێتەوە. بۆیە پێویستە ئلفرەت بە هێز و ئیرادەوە ئەو بیرە کۆنەپەرستانە تێکبشکێنێت و بەردەوامبەوڵە پێشکەوتن و پێگەیاندنی خۆی بدات. لەو بارەوە ڕای چەند ئافرەتێکی خاوەنکار وەردەگرین.



تووران ئومێد قادر



دەشە کەریم عەزیز



شەیا عومەر



سەحەر حسێن

تووران ئومێد قادر، پیشەکەی دیزاینەری جلوبەرگ و دووکانی بەدڵەی بوک و عەزیمەی ئاهەنگی لە هەڵەبجەی شەهید هەیە و لەوبارەوە دەڵێت: بێگومان کارکردن لەم کۆمەڵگایە بۆ ئافرەتان قورسە من سوپاسی خێزانەکەم و هاوسەرەکەم دەکەم، کە هەمیشە پاڵپشتم بون بۆ کارکردن و بەردەوامی بە بڕوای من لە ئێستادا دەرفەتی زیاتر ڕەخساوە بۆ ئافرەتان و زیاتر ڕێگە پێدراون تا تێکەڵ بە کۆمەڵگا بن و کارکردنیان ئاسایی بێت ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەم زۆر هاوکارم بوون بۆ بەردەوامی.

دەشە کەریم عەزیز، خاوەنی برانڈی دەشە فاست فوودە لەم بارەیەوە گوتی: وەکو ئافرەتێک پێداگر بوومە لەسەر کارەکەم و ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە بوومەتەوە کە کۆمەڵگا بۆ ئافرەتی داناوە، بەڵام من توانیم لە ڕێگەی ئیشەکەمەوە بە خەڵک بڵێم کە ئافرەتیش ئەتوانێ بچێتە دەرەوە و 12یان 13 کاتژمێر ئیش بکات. خاوەن پێشەکەت و بیتژەر و ئەوانەی کە هەیانبوو بیگۆڕم و بڵێم ئافرەتیش دەتوانێت لە هەموو جۆرە کارێک توانای خۆی تاقیبکاتەوە و ئێستا بەو شێوازە ئیشی باش و خزمەتی کۆمەڵگا ئەکەم و کۆمەڵگاش بەربەستەکانی بۆ من شکاندووە. هەروەها دەشە دەڵێت: "لە ڕووی کارکردنەوە ئافرەت بێ یان پیاو بێشک قورسایی لەسەر شانیەتی، بەڵام بۆ ئافرەت بەدڵنیاییەوە زۆرترە و قورسترە، بەڵام ئەبێت بەهێز بێت کە دێتە دەرەوە ئەیەوێ یەکسانی خۆی بسەلمێنێ حەتمەن ئەبێ زۆر زۆر بەهێزتربێ لەو قورسایانەی کە دێنە سەرشانی. باسی لەوەش کرد " من کەمترین قسەی نەشیاوم ڕووبەڕوو بۆتەوە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا زۆر باش پێشوازیان لە ئیشەکەی من کردووە و زۆربشیان پێ جوانە زۆریش پشتگیریم ئەکەن، بۆیە گەیشتووم بەم خاڵە بەڵام ئەکید کە ڕووبەڕووی قسەی نەشیاو ئەبیتەوە لە کۆمەڵگا یانی مەسەلەن کەسی نەناسراو ئەم شتانەت پێ ئەڵێن نەک ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵ ئەکەم.


شەیا عومەر، کچێکە کار بۆ داهاتووی خۆی دەکات و پێیوایە: من دەڵێم وەکو کچێک بۆ پشتبەستن بەخۆم کار دەکەم تاوەکو بتوانم لە داهاتوو بەرهەمی ماندووبونی خۆم هەڵگرمەوە و بە ئامانجەکەم بگەم. پێموایە قورسە بۆ ئافرەت کە بیهەوێ خۆت وات لێدەکات ئەمانە شتانێکی ئاسان بن چونکە پەیوەستە بە هێزی خۆت. تا ئێستا لە شوێنی کارەکەم تووشی قسەی نەشیاو نەبوومەتەوە.

سەحەر حسێن، ڕاگەیاندنکار دەڵێت: کاری دەرەوە لێپرسراویتی و ئەرک و ماندووبونی زۆری ئەوێ. بێگومان بەشی زۆری ئەو ئافرەتانەی کە کار دەکەن ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست دەبنەوە جا چ لە نێو خێزانەکەی یان لە نێو ئەو کۆمەڵگایە لێی دەژیت، بەڵام سەرکەوتنی ئافرەت لەوەدایە بە گرنگ سەیری ئەو بەربەستانە نەکات کە ببنە هۆی وەستاندنی بەڵکو بیکاتە پەیژەیەک بۆ ئەوەی بەسەریدا سەربکەوێت. بێگومان بەربەست بو ئافرەت و پیاو هەیە، بەڵام لە ئافرەت بە ڕێژەیەکی زۆرە. ڕاگەیاندن زیاد لە هەموو کارێک بەربەست بۆ ئافرەت دروست دەکات جا چ لە لایەن ئەو کەسەی بەرێوەبەریەتی یان پابەندبوون بە یاساکانی ئەو دەزگایەی کە کاری لێدەکەی یان ئەو قسانەی لە نێو کۆمەڵگاکەت لەسەر تۆ دەکرێن کە ئامانجیان وەستاندنی تۆیە یان هەر بەربەستێکی تر کە ئێمە بەچاوی خۆمان دەیبینین، بەڵام من خۆم وەکو هەر ئافرەتێکی تر ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببمەوە خۆم لە ئاستێکی باش ببینمەوە. نەخێر تاکو ئیستا نە لەلایەن ئەو کەسانەی کە ناسیومە و کارم لەگەڵ کردەوون ڕووبەڕووی هیچ قسەی نەشیاو نەبوومەتەوە، بەڵکو ڕێزێکی زیاد لە پێویستیان لە من ناوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەشتنەی کە ئەوان هەیانە، ئەوکەسەی خۆی کاردەکات ئەگەر خۆی هەڵە نەکات و پابەندی ئەو کارە بێت کە دەیکات، بێگومان ڕووبەڕووی هیچ قسەیەک نابێتەوە دەبێت خۆی هاوسەنگی خۆی بپارێزێت. هەندێجار لێکتێنەگەیشتن دەبێت بەڵام ناگات بەو ئاستەی قسەی نەشیاو بکرێت. من پێموایە کەس ئەوە قبوڵ ناکات کەسێک قسەی نەشیاوی پێبلێت جا ئەو کەسە خاوەنکار بێت یان هاوکار و هاوڕێتی.

زیانەکانی ماکیاژی چاو

دکتۆرە هاوژین مستەفا:

پێویستە خانمان پێش نووستن چاوەکانیان خاوێن بکەنەوە و بەهیچ جۆرێک بە ماکیاژەوە نەخەون



ئا/ وریشە عومەر

بەگشتی کەلوپەلەکانی ماکیاژ لە جۆرەها ماددەی کیمیاوی پێکهاتوون، کە مانەوەی لەسەر دەموچاو زیانبەخش دەبێت، چاو وەک بەشێکی هەستیاری جەستە پێویستە لەوبارەوە گرنگی زیاتری پێبدرێت، چونکە لەگەڵ بەرکەوتنی زیان قەرەبووکردنەوەی زۆر ئاستەم دەبێت.

پێویستە ئافرەتان خۆیان متمانەیان بە تواناکانیان هەبێت

دکتۆرە هاوژین مستەفا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی چاو دەربارەی پرسیاری ئایە ماکیاژی خانمان کاتێک بەکاری دەهێنن بۆ چاو بە تایبەتی کە زۆر دەمێنێتەوە زیانی هەیە گوتی: بێگومان ماکیاژی چاو زیانی هەیە، هەندێکجار دەبێتە هۆی هەستیاری و تەنانەت لەوانەیە هۆکارێکیش بێ بۆ هەوکردنی چاوەکان، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاربهێندرێن. بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانیان، پێویستە لە شوێنی باوەڕپێکراو بکڕدرێن و پاک وخاوێن ڕابگیرێن بە تایبەتی قەڵەمی چاو و ماسکارا، چونکە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ چاوەکان دەبێت 3بۆ 6 مانگ جارێک بگۆڕدرێن و تایبەت بێت بەکەسی بەکار هێنەر، باشتر وایە ڕۆژانە بۆماوەیەکی زۆر بەکارنەهێندرێن و خانمان پێش نوستن چاوەکانیان خاوێن بکەنەوە و بە هیچ جۆرێک بە ماکیاژەوە نەخەون. جێی ئاماژەیە ئەم پرسیارە لە میانەی دیمانەیەک لەدکتۆرە هاوژین کراو لەژمارەکانی داهاتووی خەبات بەتەواوی دیمانەکە بڵاو دەبێتەوە.




بۆچی ئافرەتان کەمتر بەشداری لە بواری ڕاگەیاندن دەکەن



قارەمان مستەفا

ئەمڕۆ بە گەشە کردنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و تەکنەلۆژیا و زانستەوە ڕۆژبەڕۆژ جیهان بەرەوپێش دەچێت ئەو پێشکەوتنەش هەموو بوارەکانی گرتووتەوە، لەوانە بواری ڕاگەیاندن کە بەکاردەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، یا بۆ فرۆشتنی پێداویستییەکانی ژیان یا ڕێکلامی بازرگانی یا ....هتد.

بۆیە دەبێ لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خزمەتێکی زیاتر و شایستەتر و شایانتر بە خەڵک و میللەت بکرێت و خەڵک ڕزگار بکرێت لە چەقبەستوویی و چوون بەرەو ئاستێکی ڕوونتر و گەشتر. ڕاگەیاندن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک و هۆشیارکەرەوەی کۆمەڵگایە. ڕاگەیاندن دەبێ هەمیشە هەوڵ بدات ڕۆڵێکی کارای هەبێت بۆ هاوڵاتیان و لە هەموو جۆرە ڕووداوێک ئاگاداریان بکاتەوە. ڕاگەیاندن گواستنەوەی زانیاری دیاریکراوە لەسەر ڕووداوێکی بەرچەستەکراو یان خستنەڕووی ڕووداوێکی دیاریکراوە بە خێراترین ڕێگە و ڕۆڵێکی زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵگا و بڕیار دەدات کە تۆ چی بخوێنیتەوە هەروەها بەرپرسیار و دەسەڵاتدارە لە بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک و کەمی ڕێژەی ئافرەتان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکار لەوانە دابونەریتی کۆن و دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، چونکە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە گشتی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریە. پیاو زیاتر بالادەستە و خۆی هەموو شتێکی بۆ خۆی قورخ کردووە، بەڵام ئافرەتان کارەکانیان بە وردی ئەنجام دەدەن. هەروەها داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگە بە ئافرەت نادات بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات، چونکە لە کۆمەڵگادا زیاتر ڕەخنەی کاری لە ئافرەتان دەگیرێت، بۆیە ئافرەت دەبێ بوێر بێت تاکو بتوانی جێگای خۆی بکاتەوە. کەسایەتی ڕۆڵێکی زۆری هەیە بۆ دروستبوونی ڕاگەیاندکاری سەرکەوتوو، کەسایەتی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەروەردە کردنی و توانای کەسەکە، ئافرەت دەبێ خۆی بڕیار بدات چی بکات یا خود کارەکەی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بە ئارەزوی خۆی کار بکات. ئەو کارەی کە حەزی لێیە و لە توانایدایە ئەنجامی بدات. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامەکان بە تایبەتی باشترین ئامرازە بۆ ئەوەی لەو ڕێگایە هەموو زانیاری و بیروبۆچوون و کێشەکانی بخاتەڕوو. گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا پەیوەستە بە مەسەلەی ئافرەت. کۆمەڵگا پێشناکەوێت تاکو ڕاگەیاندن پێش نەکەوی. کۆمەڵگاکانی پێشکەوتوو زۆر گرنگی بە بەرەو پێشچوونی ڕاگەیاندن دەدەن، بۆیە دەبێ هەوڵ بدرێت لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان بابەتی باش و بەسود بڵاوبکرێتەوە و ئەو قوتابییە کچانەی کە بەشی ڕاگەیاندن تەواو دەکەن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاربکەن، چونکە جیاوازن لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە دەرەوەی زانکۆ پیشەکەیان فێربوونە. قوتابیانی زانکۆ لە هەر دوو تیۆری و لایەنی پراکتیکی فێردەبن و بە شێوەیەکی ئەکادیمی زانیاریەکان وەردەگرن و لەسەر بنەمای زانستیی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بۆیە لە کارەکانیان سەرکەوتووتر دەبن و کادیری باشیان لێدەردەچێت و داهاتوویەکی گەشیان دەبێت. زانست بەرەو تایبەتمەندی دەڕوات و جیێ کەسانی ناپسپۆر نابێتەوە کە نەتوانی ڕۆڵێکی کارا تیایدا بگێڕێت، چونکە ڕاگەیاندن بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی هزری و توانای مرۆڤکانە. ئافرەتێکی ڕاگەیاندنکاری سەرکەوتوو و ڕۆشنبیر دەتوانێت ببێتە ڕێگەی دەربڕینی هەموو کێشەکانی ئافرەتان و بە زمان و تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ لە دۆخەکە باشتر پەنجە لەسەر کێشەکان دابنێت.



گوڵچنینێک لە ژیانی مەلیکی کورد شێخ مەحمودی نەمر



محەمەد عومەر پێنجوێنی

شۆڕشگێڕی ناوداری کورد و پاشای کوردستان شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ لەڕۆژی 1956/10/9دا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کۆچی دوایی کرد و تەرمی پیرۆزی بەڕێزێکی زۆر لەناو ئاپۆڕای خەڵکی دڵسوزی شێخی نەمر و کورد و کوردستان لە تەنیشت گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاک سپێردرا.



ئەم کەسایەتییە مەزنەی کورد لەساڵی 1881دا لەسلێمانی لەدایکبووە، زانستی فیقەی و شەریعەت و دارشتن و بنچینەی تەسەوفی خوێندووە و لەساڵی 1904دا لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی سەردانی ئەستەمبوڵیان کردووە و چاویان بەسوڵتان عەبدولحەمید کەوتووە و ڕێزێکی زۆریان لێنراوە.

کاتێک لە دەسەڵاتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەی سلێمانی هێزەکانی خۆی دەکێشێتەوە، شێخ مەحمود لە 1918.11.15دا میریەکی کوردی لە کوردستانی باشوور دادەمەزرێنێ، لەم هەنگاوەیدا مەبەجەر نۆئیلی فەرمانڕەوای ڕامیاری بەریتانیا لەکوردستان پشتگیریی دەکات و حەز دەکات کورد دەسەڵاتێکی ڕامیاری خۆی هەبێ و جودابێ لە عێراق.

ستیڤن لۆنگریک لە پەرتووکەکەی (عێراق لە 1900-1950)دا لەبارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمودەوە دەڵێ: دەسەڵاتی فەرمانڕاویی شێخ مەحمود ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە ڕەواندزی گرتەوە و ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەیشی سەربە میریەکەی شێخ بوون و بەدەیان سەرۆک خێڵی کوردی کەوتنە پاڵی و کوردی بووە زمانی فەرمیی میریەکەی و فەرمانبەری لە کورد بەولاوە کەسی تر نەبوون.

شێخ مەحمود هەستی دەکرد بەریتانیا بەدڵ لەگەڵ کورد نییە و وردە وردە لە پەیمان و بەڵێنەکانی کە بەکوردی دابوون پاشگەز دەبێتەوە، بۆیە لە ڕۆژی 21ی مایسی 1919دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ڕاگەیاند و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی و ناوچەکانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیل گرتن.

بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلیزییەکان هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لە دەربەندی بازیان بە لەشکری خۆبەختکاری شێخ مەحمود گەیشتن، بە چەکی نوێ لە کوردیان دا و لە ئەنجامدا شێخی نەمر لە پەنا بەردە قارەمان بە بریندارای بەدیل گیرا و بردرا بۆ بەغدا و دادگای سەربازی فەرمانی لەسێدارەدانیدا، بەڵام دوایی بیریان لەوە کردەوە، گەر شێخ مەحمود بکوژرێ باری کوردستان پتر ئاڵۆز دەبێ و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتوون و هێرشی نەکردۆتە سەر سوپای بەریتانیا، بەڵکو لەباری بەرگری لە خۆکردندا بووە، بۆیە بڕیاریان دا فەرمانی سزاکەی سووک بکرێ و دوور بخرێتەوە بۆ هیندستان. لەپاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود لە سلێمانی، باری ئاسایشی کوردستان پتر تێکچوو، بۆیە بەریتانیا بیری لە هێنانەوەی ئەو پاشایەی کوردستان کردەوە بۆدامرکاندنەوەی ئەو پشێویەیە، وابوو ئینگلیزەکان لەکۆتاییەکانی مانگی ئەیلوولی ساڵی 1922دا شێخ مەحمودیان هێناوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و ناویان نا پاشای کوردستان و لەمانگی تشرینی دووەمی 1922دا میریەکی نوێی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عێراق فەیسەڵی یەکەم دانیان پێدا نا.

بەڵام ئەم جارەش بەریتانیا لەگەڵ کورد سەر ڕاست نەبوو، بەتایبەتی کە پەیمانی سیڤەر پووچەڵ کرایەوە و لەشوێنی ئەو پەیمانی لۆزان لە1923.07.24دا لەگەڵ تورکیای کەمالی مۆرکرا، دووبارە لە میریەکەی شێخ مەحمود دراوە و ماوەیەک پاشا مەحمود چووە چیای سورداش و دوایی گەڕایەوە سلێمانی.

بەڵام لەساڵی 1924دا سوپای عێراق بە پشتگیری تانک و تۆپ و فڕۆکەی بەریتانیا سلێمانی داگیرکرد و بەریتانیا خودموختاریشی بۆکورد بە ڕەوا نەبینی، تەنیا ئەو مافەی دا بە کورد کە فەرمانبەرەکانی کوردستان کورد بن یا کوردیزان بن و زمانی کوردی بکرێ بەزمانی فەرمی لەناوچەکەدا. دوای ئەمە نامەیەکی فەرمییان بۆ شێخ مەحمود نارد و تێیدا نووسییان لەوە زیاتر چی دیکەتان پێ نادرێ.

دوا ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لەدژی میری عێراقی لەژێر چاودێری بەریتانیا لەدوای شەڕەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەک لەخۆپێشاندەران بوو، کە ئەوساکە لەدیوی کوردستانی ئێران لە (پیران) دادەنیشت، کە هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی میللەتی زانی، هاتە دیوی پێنجوێن و ئەو ناوچەیەی ئازاد کرد و پیاوماوقوڵی ئەو ناوەی کۆکردەوە و بەهەمووبان لەسەر ڕاسپاردەی شێخی نەمر یەداشتێکی تۆندیان بۆنوێنەری بەریتانیا لەبەغدا نووسی و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدا نووسی، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

* دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین و هیچ عەرەبێک نە سەرباز نە سیڤیل لەم شوێنەدا نەمێنێ.
* ئەم ناوچەیە واتە کوردستان لەژێر چاودێری بەریتانیادا بی تاکو کۆمەڵی ئەقوام (عصبة الامم) بڕیارێکی لەسەر دەدات.
* بەڕەڵاکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی (شەڕی بەردەرکی سەرا)وە گیراون و دوورخراونەتەوە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان.
* هەر ئەفسەر و فەرمانبەرێکی کورد لە وڵاتی عەرەبستاندا هەیە بنێردرێنەوە بۆ کوردستان.
* لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەم یادداشتە، دەستەیەک لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراق هاتنەدەر و چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخی نەمر، لەوانە مەحمود جەودەت، حەمید جەودەت، کامیل حەسەن، هەروەها ماجید مستەفاش خۆی ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لە پێناو سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.

کاتێک کە شێخ مەحمود هیچ وەڵامێکی بەدەست نەگەیشت، لە ئاوباریک کەوتە شەڕێکی قورس لەگەڵ سوپای عێراق، بەڵام لەبەر ناهاوسەنگی لەچەک و تەقەمەنی و هێزی شەڕکەر، شێخی نەمر ناچاربوو لە ڕۆژی 1931/5/13دا خۆی بەدەستەوە بدات و برا بۆ بەغدا و سەماوە و لەدواییدا بۆ ناسریە، ئینجا گەڕێنرایەوە بۆ بەغدا، تاکو لەساڵی 1941دا لەکاتی شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لەدژی بەریتانیا خۆی لەژیانی دەستبەسەری لە بەغدا ڕزگار کرد و چوو لە گوندی داری کەلی دانیشت و دواکاتی ژیانی لێ بەسەربرد هەتا کۆچی دوایی کرد، میللەتی کورد هەر بە پاشای کوردستانیان زانی و گیانی پاکی چووە بەهەشتی نەمرانی کورد و کوردستان.

کوردستان لە میدیای جیهاندا



تا: ڕێبوار حەمەلاو شوانی

بەرپرسی باڵای کوردستانی عێراق داوای هێورکردنەوەی تەنگژەکان لە پۆمپیۆ دەکات



Mehr News Agency

مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەیدا لەگەڵ مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دوای هێرشی مووشەکی ئێران داوای لە پۆمپیۆ کردووە کە ڕەوشەکە هێور بکرێتەوە و ململانێکان بەدوور بگیرین.بارزانی لە تویتەکەی ئاماژەی بەوە داوە کە لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەیدا لەگەڵ پۆمپیۆ پێشهاتە هەنووکەییەکانی عێراقیان تاوتوێکردووە. پێشنیازی ڕێگاکانی دوورکەوتنەوە لە ململانێکان و هێورکردنەوەی دۆخە بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا داوە.

ئایا مووشەکەکانی ئێران پەیامێک بۆ کورد هەڵدەگرن؟



Al-Monitor

هێرشی مووشەکی بالێستیکی ئێران بۆ سەر ئامانجە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە عێراق ڕەنگە هەڵگری پەیامێکی هەڕەشەئامێز بێت بۆ کورد کە نەچنە پاڵ ئەمەریکا.یەکێک لە مووشەکەکان ئەمەریکا بە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کەوتە خوارەوە و نەتەقیەوە. مووشەکێکی دیکە لە نزیک شارۆچکەی بەردەرش حەفتا کیلۆمەتر لە باکووری هەولێر و سیی و دوو کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ کەوتە خوارەوە. جووتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەڵمانیتۆری ڕاگەیاند کە بەهۆی ئەم هێرشەوە هیچ قوربانیەکی بەدواوە نەبووە.

بۆچی کوردستانی عێراق لە میواندارای هێزەکانی ئەمەریکا نیگەرانە

Al-Monito

بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەگەر پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی ئیستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای عەقل و مەنتیق بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە ئامادەین هاوکاری بکەین. هەروەها، بەڵام تاران و واشنتن بۆ دەستدرویشتوویی خۆیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان کیبڕکێ دەکەن .



نیگەرانی کوردانی عێراق لە ئاڵۆزیەکانی ئەمەریکا - ئێران

Voice of America

سەرکردەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان نیگەرانی خۆیان لە زیاتر ئاڵۆزبوونی تەنگژەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران لەسەر خاکی عێراق نیشان داوە کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم وڵاتە ناسەقامگیرە بەڕەو نائارامی زیاتر ببات. ..لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەدا ، هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان باسیان لە پێشهاتە تازەکان دوای کوشتنی قاسم سلێمانی بەهۆی هێرشی فرۆکەی ئەمەریکا لە بەغدا و بەرسڤی مووشەکی ئێران دژی ئامانجە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە عێراق کرد. هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕێکاری سەربازی هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات.

ون بوون

پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠١٤٩٧٨١) بەرواری: ٢٠١٧/٥/٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی عبدالسلام کریم عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

مەنەفێستی کۆمپانیای یام جۆری ئۆتۆمبێل میکسر عقرب مۆدێل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٣٨٢ کاتی دهۆك ڕەنگی پرتقالی ژمارەی شاصی/ NMB٩٤٣٣١٧١٢١١٩٢٥٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

مەنەفێستی کۆمپانیای یام جۆری ئۆتۆمبێل اکسرور خباطە حجم کبیر مۆدیل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٣٨١ کاتی دهۆك ڕەنگی سپی ژمارەی شاصی: NMB٩٤٣٣١٧١٢١٦١٩٠٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی زیرەڤانی بەناوی فەرست عبدالله قادر عزو وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

ناسنامە کۆلیژی پەروەردە/ جامعە صلاح الدین بەشی بایلوجی بەناوی بلند اکرم عارف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٧٥٦٩ بەرروار ٢٠١٩/٨/١٩ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی مهابات ابوبکر قادر/ سەنگەر خضر محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پسوولەی شارەوانی چوار هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٩٨٣٤ بەرواری ٢٠٢٠/١/١٤ بەبری ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی گلی محمد عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

اخطار

من/ محكمة قوى الامن الداخلي/
المنطقة الاولى/ اقليم كردستان
الى/ المتهم الهارب (ن.ع/
سهند كاوه بكر يادكار
الساكن/ محافظة اربيل/ محلة ٩٤ باداوه
اقتضى حضورك امام هذه المحكمة خلال مدة (٣٠) يوما من تاريخ نشره اذا كنت داخل العراق او خارجه للاجابة عن الجريمة المسندة اليك وفق المادة (٣٢/٥) ق.ع.د وبعكسه سوف تتخذ الاجراءات القانونية ضدك و تطبق بحقك احكام المادة ٦٩ ق.أ.د المتضمنة مايلي:-
١- الحكم عليك بالعقوبة المقررة لجر يمتك .
٢- اعطاء الموظفين العموميين صلاحية القاء القبض عليك اينما وجدت.
٣- الزام المواطنيين بالاخبار عن محل اختفائك.
٤- حجز اموالك المنقولة و الغير المنقولة.
لواء الشرطة الحقوقي
كاكەرش عمر كريم
رئيس محكمة قوى الامن الداخلي
المنطقة الاولى – اقليم كردستان

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و
خۆیەتی/ میلاکات
ژمارە: ٣٩٠/١٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٣
بۆ/ بەڕێز (اسماعیل محمد اسماعیل
بەناونیشانی (ی. بەڕێوەبەری گشتی)
لە (دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان)
ئاگادارکردنەوە
لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٥ مۆلەتی ئاسایت تەواو بووە تاکو ئێستا دەستت بەکار نەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی لە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەت دینین.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان

***

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٣٦٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو: ارزاء عبدالحمید یعقوب
شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواکار (زانا تحسین شاکر) داوای ژمارە ٣٦٦/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (چۆلکردنی خانوو) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری ئاشتی لە عەنکاوە لەبەر ئەوە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لە دادبینی ٢٠٢٠/١/٣٠ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٤٨/ك/٢٠١٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (کریمة سمین حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٤٠٣/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (١- علی عبدالکریم محمود ٢- محمد ئازاد جلال)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ بۆ دادگایی کردنتان بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیاری دەبن بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٨/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (علی اسماعیل خلیل)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٧/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (حتم حسن حتم)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٤٦/ك.س/ ٢٠١٥
بەروار: ٢٠٢٠/١/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو:
مخلص قادر حمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەڕێوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٤٠/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١/٥
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (علی محمد ئوزدال)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (بلال نبی قاسم)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٤٦/ك.س/ ٢٠١٥
بەروار: ٢٠٢٠/١/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو:
مخلص قادر حمدامین
ئاگادارکردنەوە
لەبەڕێوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددەی/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٠ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٥٦٩/ك/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد سرتیپ عبدالستار
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٥٦٩/ك/٢٠١٩/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٠ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی (١) یەك سال و (٦) شەش مانگ، بەپێی ماددەی ٣/٤١٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون (الاعتراض) لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (١) یەك مانگ بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە/١٠٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٦
بۆ تاوانباری هەڵاتوو/ دلشاد علی اسماعیل
ئاگادارکردنەوە سزا
ئەم دادگایە بریاری لەسەرت دەرکردووە بەژمارە ١٠٧/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/٢٤ بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بەپێی حوکمی ماددە (٤٣٢/ یاسای سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادە نەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لەبەروارى ٢٠٢٠/٢/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخواز (منیجە سعید علی) بەپێی ماددەی ٧ی خێزانی بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٥٦٩/ك/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد سرتیپ عبدالستار
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٥٦٩/ك/٢٠١٩/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٠ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی (١) یەك سال و (٦) شەش مانگ، بەپێی ماددەی ٣/٤١٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون (الاعتراض) لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (١) یەك مانگ بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ١٣٠/ك/ ٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٦
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ (محمد عبدالرحمن الجلیل کریم)
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ١٣٠/ك/ ٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ ئەم دادگایە بەشێوەیەکی غیابی بە ئیدانەکردن و سزادانت بە بەندکردنت (الحبس) بۆ ماوەی (١) یەك سال بەپێی ماددە (٤٥٦) لە یاسای سزاکان لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت مافی تانە لێدانت هەیە لەبریارەکە لەڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامە بۆ ماوەی ٣ مانگ بەپێی ماددەی (٢٤٣أ) لە یاسایی بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردە گرێت.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

***

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٧٨٠/ك/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد یاسین حسین
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٧٨٠/ك/٢٠١٩/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی (٤) چوار مانگ بەپێی ماددەی ٢٣٨ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە پێت ڕابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون (الاعتراض) لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (١) یەك مانگ بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٨٦/ج/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٩
بۆ/ سزاداوای هەڵاتوو:
عبدالستار السعید بن احمد
ئاگادارکردنەوە بەبریار
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٨٦/ج/٢٠١٩/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی (پێنج سال و یەك مانگ) بەپێی بەشی ١/٢٤ لە یاسای هاتووچۆ، بڕیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

DNO
EST - 1971

Job Title	UBD Specialist (Fixed term 12 months)
Work Location	Field

Key responsibilities, but not limited to:

The UBD Specialist is a senior field position to interface Tawke Field Underbalanced Drilling Operations execution between the drilling team, UBD service provider, subsurface department and production operations. In this role he will oversee equipment preparation and rig up, support the DSV in execution of the UBD program and provide engineering expertise at the wellsite.

- Tracks UBD cost reports against actual consumable used/crew on location etc. Makes suggestions to lower cost where applicable
- Creates input for End of Well UBD report
- Records deficiencies and creates and updates lessons learned and best practices
- Follows up with UBD contractor and DNO to update progress before and after wells

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- The UBD Specialist must have a minimum of 15 years' experience in MPD / UBD operations in a Supervisory role
- Must be able to demonstrate specific experience in UBD flow drilling operations and specifically with concentric casing injection
- Experienced in a UBD/MPD Engineer role and able to demonstrate competency in UBD calculations.
- Experienced in onshore drilling operations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٩٩/ك/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/
سەرکەوت سلیمان عمر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٩٩/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١٢/١١ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی مادەی (٤٤٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١/٣٠١٠/١/١
رێکەفت: ٢٠٢٠/١/٩
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فرۆتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فرۆتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (کشتوکالی) دکەفیتە ل بەشەك ژ پارچە ئەردێ ژمارە (٣/٢) کەرتی (١٠١/ماملیان) ژبو مەرەما (چاندنا وەرزی) (موسمی) ب رووبەرێ (٢٧٥) دونەم (٧) ئولك (٨٨)م٢ بو ماوێ (١) سالا بو زانین ئەڤ روبەرێ دێ هێتەکرێ دان هاتیە دابەشکرن ژبو چەند پارچەکا بڤی شێوەیی (A = ٣٠ دونم , B = ٣٠ دونم , C = ٣٠ دونم , D = ٣٠ دونم , E = ٣٠ دونم , F = ٣٠ دونم , G = ٣٠ دونم , H = ٣- دونم , I = ٣٥ دونم , ٧ ولك , ٨٨م٢) و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل داینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا گردەسین بکەت د ماوێ ٣٠ سیە رۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د رۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا گردەسین دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:١/ت/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٤
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٤٨٤٠٧/هەولێر – تایبەت) جۆری (هوندای تۆکسۆن) مۆدیل (٢٠١٢) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سداد غازی رحمن) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١/٢٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٤,٤٠٠,٠٠٠ دینار).
دادەری یەکەم / دیار محمد علی
* * *
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ٤
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٤
ئاگادارى
لەسەر داواى بریکارى هاوڵاتى (صوفى سلیمان درویش محمد) پارێزەر (محمد زبیر عیسى) سەرۆکایەتى لێژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەى ناو:- لە (درویش بن سلیمان بن محمود) بۆ (درویش محمد سلیمان محمود) لە بریارى تەسویەى پارچە زەوى ژمارە (٢٧) کەرتى ٦١/کانى جرکان, کە لەسااڵنى تەسویە بەهەلە تۆمار کراون, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەى فەرمى و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختارى گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/١/٢٦) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکى لێژنە
* * *
دادگەها کاروباری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٤/م/٢٠٢٠
رێکەفت/٢٠٢٠/١/١٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (صلاح مهدی صالح) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب رابردو ویا بەردەوان (نفقه ماضیة ومستمره لها ولاطفالها) یا وی وزاروکیت وی ناکام هەر ژ ئیك (عبدالعزیز ل دایك بووی ٢٠١٣/٧/٢٩ ورحمه ل دایك بووی ٢٠٠٨/٩/١٦ومریم ل دایك بووی ٢٠٠٥/٣/٥)ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (زینه سالم احمد) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا پاریزگەها بغدا تاخی قاهرە ئەڤ بریار بەلافەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە رۆژا ژبەلافکرنا رۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومایك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٥٦٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠٢٠/١/١٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (صلاح مهدی صالح) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب رابردو ویا بەردەوان (نفقه ماضیة ومستمره لها ولاطفالها) یا وی وزاروکیت وی ناکام هەر ژ ئیك (عبدالعزیز ل دایك بووی ٢٠١٣/٧/٢٩ ورحمه ل دایك بووی ٢٠٠٨/٩/١٦ومریم ل دایك بووی ٢٠٠٥/٣/٥)ژ تە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (زینه سالم احمد) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا پاریزگەها بغدا تاخی قاهرە ئەڤ بریار بەلافەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە رۆژا ژبەلافکرنا رۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومایك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٠٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Tunc San تونج سان) بۆ (بازرگانی کەل و پەلی خۆراك/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا ا
ژمارە: ٢١٦٥١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (WISE CHOICE) بۆ خزمەتگوزاری کارگێری و خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی خانووبەرە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (WISE CHOICE) بۆ خزمەتگوزاری کارگێری و خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی خانووبەرە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی فؤاد عبدالقادر القادری) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا ا
ژمارە: ٢٠٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ARDASS TEXTILE) بۆ بازرگانی قوماش/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ARDASS TEXTILE) بۆ بازرگانی قوماش/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١٣
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

DNO

Job Title	CWT Supervisor (Fixed term 12 months)
Work Location	Field

Key responsibilities, but not limited to:

The Completions & Workover Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of all rigless, completion, and workover operations. Provides HSSE and operations leadership with DNO junior staff and DNO contractors. The Completions & Workover Supervisor will be based in the Kurdistan Field.
Health, safety, environment and security are core values at DNO and are taken incredibly seriously. The Completions & Workover Supervisor will be responsible and accountable for leading operations in a safe and environmentally sound manner and setting the tone for operational excellence in DNO's Kurdistan operations.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- Minimum 20 years of experience in Completions and Well Interventions with a minimum of 10 years as lead supervisor.
- A valid Level 4 Supervisor IWCF Certificate
- A valid H2S ticket
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO

Job Title	Night Drilling Supervisor (Fixed term 12 months)
Work Location	Field

Key responsibilities, but not limited to:

The Night Drilling Supervisor Supervises Wellsite Operations during the night shift during which period has responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- 10 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of three years as Night Drilling Supervisor.A valid IWCF Certificate.
- H2S Awareness Training and Certification
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٦٩٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠٢٠/١/١٢
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (دینـدار حجـی مجیـد) جهـێ ئاکنجیبوونـا وێ نەدیـارە ژبـەر داوا ل دژی تـە هاتیـە تۆمارکـرن بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ژلایـێ داواکاری (شاهیجان عبدالسلام جمیل) ئـەوا تێدا داوای دکـەت زڤراندنا کـەل وپەلیـن نـاف مالـێ یـان دانـا کوژمـێ پـارە (١٧١٨٠٠٠٠) هەفـدە ملیـون وسـەدو هەشـتی هـەزار دینـار عراقـێ وژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نڤیسـارا بنگەهـی پولیسـین نزارکـی ژمـارە (٦٤٩١) رێکەفتـی ٢٠١٩/١٢/٢٢ وراپورتـا هەلبژێـری تاخـی ئەفریکـی رێکەفتـی ٢٠١٩/١٢/٢١ ڤـێ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن بریـکا دوو روژنامێـن نافخویـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینیـا شارسـتانی بـۆ ئامادەبوونـێ بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ ل دەم ژمێـر (٩,٠٠)ی سـپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/١/٢٢ وئەگـەر ئامادەنەبـی یـان بریکارەکـێ پێـش خوڤـە نـە هنێـری دێ ب پـا شـملە وئاشـکرایی داوا بڕێڤـە چیـت ولدیـف یاسـایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
بەڕێوەبەرایەتـی جـێ بەجێکردنـی دهـوك
ژمارە / ٦٥٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/٢٠٢٠/١/٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (جاسم طیبان رشو)
ژبـەر نەزانیـن نەدیاریـا جهـێ ئاکنجیبونـا تـە لـەورا لدیـف ماددەیـا (٢٧)یـا یاسـایا جـێ بەجـێ کرنـێ بریـار هاتـە دان ب رێیـا دوو روژنامێـن نافخـۆ ئاگەهداریـا تـە بکەیـن بـۆ مـاوێ (١٥) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنـا ڤـێ ئاگەهداریـێ ئامادەبـی لڕێڤەبەریـا مـە بـۆ ئەنجامدانـا رێکارێـن جـێ بەجـێ کرنـێ وبەروڤـاژی دێ نەچاری رێکێـن یاسـایی بێـن (جبری) بیـن
هاریڤان ایوب عبدالله
(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەڕێوەبەرایەتـی جـێ بەجێکردنـی سـێمێل
ژمارە /١٢٢٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠٢٠/١/١٤
ئاگەهداری
رێڤەبەریـا مـە رادگەهینیـت بفروتنـا یەکەیـەکا ئاکنجیبونـێ (شـقە سـکنیە) یـا ژمـارە (٣٧) ل تابقی دەهـی ل عیمارا (A١) ئـەوا دکەفیتـە ل (سـیمیل - تناهـی - کومەلگەهـا نـاورو سـتی) یـا قـەرزدار (کوفـان هجر عبدالکریم) بـو جـارا ئیکـی ئەفجـا هـەر کەسـێ بڤێـت بکریـت دڤێـت پیداچونـا رێڤەبەریـا مـە بکـەت دمـاوێ (٣٠) سـیە روژانـدا کـو دەسـپێدکەت ژ رۆژا پاشـتر ژ بەلافکرنـێ ودڤێـت تەئمیناتێـن یاسـایی دگـەل خـو بینیـت کـو دبنـە (١٠٪) ژ بهایـێ هاتیـە دانـان بـو زانیـن بهایـی هاتیـە دانـان دبیتـە (٦٩٠٠٠٠٠٠) شیسـت ونـەە ملیـون دیناری عیراقـی دگـەل ناسـناما عیراقـی وبـو زانیـن رەسـمێ لیسـەندنی وەدلالیـێ لسـەر بکـری نـە جێ بەجێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتـی جـێ بەجێکردنـی سـێمێل
ژمارە /١٢٢٦/ت/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/١٢/٢
ئاگەهداری
رێڤەبەریـا مـە رادگەهینیـت بفروتنـا یەکەیـەکا ئاکنجیبونـێ (شـقە سـکنیە) یـا ژمـارە (٣٨) ل تابقی دەهـی ل عیمارا (A١) ئـەوا دکەفیتـە ل (سـیمیل - تناهـی - کومەلگەهـا نـاورو سـتی) یـا قـەرزدار (ریـزان محمـد سـلیم سـلیمان) بـو جـارا دوو ئەفجـا هـەر کەسـێ بڤێـت بکریـت دڤێـت پیداچونـا رێڤەبەریـا مـە بکـەت دمـاوێ (١٥) بـازە روژانـدا کـو دەسـپێدکەت ژ رۆژا پاشـتر ژ بەلافکرنـێ ودڤێـت تەئمیناتێـن یاسـایی دگـەل خـو بینیـت کـو دبنـە (١٠٪) ژ بهایـێ هاتیـە دانـان بـو زانیـن بهایـی هاتیـە دانـان دبیتـە (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتـی ودوو ملیـون دیناری عیراقـی دگـەل ناسـنامـا عیراقـی وبـو زانیـن رەسـمێ لیسـەندنی وەدلالیـێ لسـەر بکـری نـە جێ بەجێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك
ژمارە / ٣/
ریکەوت ١٣ / ١/ ٢٠١٩
ئاگادارى
بەپێـی ئـەو داوایـەی کەلەلایـەن داواکار پشـکەش بـەم فەرمانگەیـە کـراوە بـە نـاوی (صبـاح احمـد علـی) داواکارە بـە تۆمـار کردنـی ئامێرەکانـی کارگـەی (چیـای زاگرۆس) بۆ دروسـت کردنـی قەنەفـەو کاری دارتاشـی کـە لـە (کـەلار/ ڕزگاری) دانـراون و ئامێـرەکان لـە خـوارەوە دیـاری کـراوە بەپێـی یاسـای دادنـووس ژمـارە (٣٣) لەسـاڵی (١٩٩٨) بـاڵاوی دەکەینـەوە هەرکەسـێ خـۆی بـە پەیوەندیـدار یـان خاوەنـی هەریـەك لـەم ئامێرانـە دادەنـێ لەمـاوەی (١٥) پانـزە ڕۆژدا سـەردانی ئـەم فەرمانگەیـە بـکات بـە پێچەوانـەوە بەنـاوی داواکارەوە تۆمـار دەکرێـت و بڕوانامـەی پـێ دەدرێـت.
ژ ا نـاوی ئامێـر ا ژمـارەی ئامێـر ا دروستکراو ا مۆدێـل ا توانـای کارەبـای ا
١- ئامێـری CNC بۆدروسـتکردنی نەخـش لەسـەر تەختـە لەگـەڵ پاشـکۆکانی ڤالیـۆم و کۆمپیوتـەر ا DW١٨٠٥٠٨٠٢٠١ ا صیـن ا ٢٠١٨ ا ٧ KW ا
٢- مشـاری بڕینـی تەختـە ا ٠٣٧ ا تورکیـا ا ٢٠١٩ ا ٤,٧٥ KW ا
٣- ئامێـری لێدانـی لەزگـە ا ٠٣٩ ا تورکیـا ا ٢٠١٩ ا ٧,٤ KW ا
٤- بـار ا کۆمپرێسـەری (٥٢٠) لتر (٨) ا نیەتـی ا صیـن ا ٢٠١٩ ا ١٥,٥ KW ا
سیامند محمد صالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
١٣/ ١ / ٢٠٢٠
* * *
وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتو گـوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٧٠
ریکەوت : ١٢/ ١/ ٢٠١٩
ئاگادارى
سـەرۆکایەتی شـارەوانی رزگاری ئـاگاداری هەمـوو ئـەو هاوڵاتیانـە دەکاتـەوە کـە سـاڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویـان لەناحیـەی رزگاری، (صمـود) وەرگرتـووە کـە هاوڵاتـی (احمـد حمـە عزیـز محمـود) خاوەنـی زەوی ژمـارە هەوائـی (١١٨٠٩) داوای ڕێگـا پێدانـی کـردوە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی خانـوو ، هـەر هاوڵاتیـەك گلدانـەوەی لەسـەر ئـەو پارچـە زەوییـە هەیـە لەمـاوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپـاش بـاڵاو کردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە ئـاگاداری سـەرۆکایەتی شـارەوانیان بکاتـەوە بـە پێچەوانـەوە شـارەوانیان کاری یاسـایی بۆناوبـراو دەکات.
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
* * *

ئاگادارى

ئـاگادارى گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (ARDASS TEXTILE) بـۆ بازرگانـی قومـاش/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر – گەرەکـی زیـلان)
پاکتاوکار/ ئاکام عباس محمود
ناونیشان/ هەولێر- زیلان
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٤٩٤٩٧٥

ئاگادارى

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (WISE CHOICE) بـۆ خزمەتگـوزاری کارگێـری و خزمەتگـوزاری بەڕێوەبردنـی خانووبەرە/سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO
EST - 1971

Job Title	Drilling Superintendent
Work Location	Dubai Office

Key responsibilities, but not limited to:

The Drilling Superintendent has overall responsibility for conducting well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs.

Please visit our website to read more on the job details.

Required Qualifications & Experience:

- 20 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of 10 years as Drilling Supervisor and 5 years as Superintendent.
- A valid IWCF Certificate.
- H2S Awareness Training and Certification
- Safety courses required to carry out work in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Environmental Operations Manager
Work Location	Tawke Field

Key responsibilities, but not limited to:

Manage all Field Environmental Projects in cooperation with Infrastructure and operational managers.
Work closely with line and functional personnel to ensure that environmental controls are implemented from Environmental Impact Assessments (EIA's)
Lead the development of Environmental Risk Assessments for the fields.
Develop and train local Senior Environmental Technicians in assisting with the delivery of all tasks.
Work with ERS to develop and implement the Oil Spill Response (OSR) Strategy for Kurdistan.
Develop and implement the Waste Management Strategy (WMS) for Kurdistan to ensure compliance with DNO Standards and MNR expectations.
Manage pit remediation process in cooperation with Infrastructure Department.

Please visit our website to read more on the job details.

Minimum Qualifications:
- An internationally recognized degree or diploma is required in a science or engineering subject.
- ISO14001 auditor.
- Demonstrable IT skills.

Minimum Experience:
- Minimum of 10 years relevant experience in environment and oil spill response, waste management in onshore oil and gas industry, including practical implementation of waste systems.
- Practical experience of pit remediation.
- Coaching and development of local staff and contractors.
- Dealing with regulatory authorities.
- Middle East/ Iraq/ Kurdistan experience.

Desirable Experience/ Qualifications:
- IEMA/ CIWM Full Membership

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/1/15 ژمارە (5911)
خەبات

بەهاری پێکهاتەی شیعە لەپاییزی سیاسی عێراقدا، ڕێگاکان داخراون






موحسین محەمەد

خۆپێشاندانەکانی عێراق سەد ڕۆژی تێپەڕاند، ململانێی نێوان حکومەت و خۆپێشاندەران لەجیاتی ئەوەی بگاتە لوتکە، کەچی ململانێی نێوان ئەمەریکا و ئێران لەناو عێراق گەیشتە لوتکە. لەو سەد ڕۆژەدا ڕووداوی چارەنووساز دۆخی سیاسی عێراقی گرتەوە. هەروەک چاوەڕوان دەکرا، حکومەت دەستی لەکار کشاندەوە، بەڵام هێشتا حکومەتێکی نوێ پێکنەهاتووە.

پەرلەمان یاسایەکی نوێی بۆ هەڵبژاردن دەرکرد بەڵام هێشتا وادەی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری نەکراوە. خۆپێشاندەران لەسەر پردەکانی بەغدا چاویان بڕیبووە ناوچەی سەوز بۆئەوەی بەخێرایی سیستەمی سیاسی بگۆڕن، ئەمەش نەهاتە دی بەڵکو ئەوان پەشیمان بوونەوە لە چوونە ناوچەی سەوز. ئەمەریکا عێراقی لە ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام ڕزگارکرد. بەپێوەری دیموکراسی، پێکهاتەی شیعە وەکو زۆرینە، دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەوەی چاوەڕێ دەکرا، دەسەڵاتدارانی شیعە بەلانی کەم خۆشگوزەرانی بۆ پێکهاتەکە بهێنایە دی، ئەوە ڕووینەدا. خۆپێشاندەران زۆر بە ڕاست و ڕەوانی داوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان دەکەن. هەڵگەڕانەوەی جەماوەری شیعە لە لایەنە سیاسیەکانی خۆیدا، هەمووانی سەرسام کردووە. گەنجانی خودی پێکهاتەکە داوای ئەو شتانە دەکەن، ڕەنگە نەتوانرێ بڕوا بەکەمترینیان بکرێ.

دروشمەکانی ڕۆژانی یەکەمی خۆپێشاندانەکان بێ کاری و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و بنبڕکردنی گەندەڵی بوو. ئێستا دەڵێن: (ئێمە حزبمان ناوێ، ئێران بۆ دەرەوە، نیشتمانمان دەوێ، هەر سێ سەرۆکایەتییەکە دەبێ دەست لەکاربکێشێننەوە) لەبەرامبەر ئەو دروشمانە، لایەنە سیاسییەکانی پێکهاتەکە، کە زۆرینەن لە پەرلەمان، پێداگیری لەسەر مانەوە لە دەسەڵات و دەرکردنی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەکەن . بەپێی هەواڵی پێکدانەکان، تا ئەمڕۆ نزیکەی پێنج سەد کەس بوونە قوربانی، پتر لە بیست هەزار کەس بریندار بوون. مانگرتن و خۆپێشاندان و گوتاری سیاسی ڕۆژانە، زۆر بەهێز بەربەک دەکەون. هێرشەکانی ئەمەریکاو ئێران بۆ سەر یەکتر لەناو خاکی عێراق دۆخەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد. بڕیاری پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی پێکهاتەی شیعەو ئامادەنەبوونی کورد و پێکهاتەی سوونە، ئەوە دەسەڵێنێ، کە لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەک واز لە دەسەلات ناهێنن، بەڵکو دروشمی ئەمەریکا بۆ دەرەوەیان کردە بڕیاری پەرلەمان. بەپێی ئەو بڕیارە، ڕێگەی دوورخستنەوەی لایەنە شیعییە سیاسییەکان لەدەسەلات تەواو داخراوە. بڕیارەکەی پەرلەمانیش دۆخی سیاسی عێراق دەخاتە بەردەم ڕەشەبایەکی ئابووری زۆر بەهێز، ئینجا ئەگەر بەڕاستی هاوپەیمانان بکشێنەوە، ترامپ سزای ئابووری بخاتە سەر عێراق، ئەوە وڵاتەکە سەرەو ژێر دەبێ. لەبەرئەوەی ئیداری ترامپ بەردەوامە لەسەر بەرزکردنەوەی گوشارە ئابووریەکان بۆ سەر ئێران، ئەگەر لایەنە توندڕەوەکانی حەشدی شەعبیش پێداگیری لەسەر دەرکردنی ئەمەریکا بکەن، ئەوە ترەمپ ئابووری عێراق وەکو کارتێکی دیکە بەکاردەهێنێ لە دژی ئێران. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیری دەست لەکارکشاوە، بەڕاشکاوی دەڵێ: جگە لە دەرچوونی هاوپەیمانان لە عێراق ڕێگەیەکی دیکەمان نییە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لایەنی شیعەو ئێران موکوڕن لەسەر دەرکردنی هاوپەیمانان لە عێراق. ڕاگەیاندنی کۆشکی سپیش دەڵێ: ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە ئەوە ئابووری عێراق بەتەواوی دادەڕمێ. بۆیە زۆر سەختە حکوومەتی عێراق ئەو بڕیارەی پەرلەمان جێبەجێ بکات. مایک بۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و ناتۆ بە ڕاشکاوی وتویانە ئەوان لە عێراق ناکشێنەوە، هێشتا شەڕی داعش ماوە، کەواتە ئەم ڕێگایەش داخراوە. هەندێک دەڵێن: ئەگەر هەیە کودەتای سەربازی لە عێراق ڕووبدات، بەڵام ڕێگەی کودەتا لە عێراق کۆتایی نییە، لەبەرئەوەی سوپای عێراق بەگشتی لە هەردوو پێکهاتەی سوونەو شیعە و کەمێکی کورد پێکهاتووە، لایەنێک ناتوانێ لە دژی دوو لایەنەکەی تر کودەتا بکات، ئەگەر لایەنێک بە پاڵپشتی ئێران کودەتای کرد، ئەوە دوو لایەنەکەی دیکە ناچنە ژێر باری کودەتاکە، ئەمەریکاش دژایەتی کودەتاکە دەکات. ئەگەر لایەنی سوونە، کە گرمانەیەکی زۆر لاوازە کودەتای کرد؟ ئەوە لایەنی شیعە بە پاڵپشتی ئێران شکست بە کودەتاکە دەهێنێ، یان وڵاتەکە دەکاتە دوو پارچە. سوپا بەتەنیا ناتوانێ بە بێ پاڵپشتی پێکهاتە سیاسییەکان کودەتا بکات، کەواتە ڕێگەی کودەتا بەتەواوی داخراوە. لەدرێژەی ئەو ململانێیانەدا ، ئایا خۆپێشاندەران دواجار پەرتەی لێ دەکەن؟ ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی تووندوتیژی لە دژی حزبە سیاسییەکان لەهەردوو شاری پیرۆزی نەجەف و کەربەلا و بەسراو ناسریە، دروشمەکانی دەڵێن: ئەگەر نیشتمانمان نەبێ دەوام ناوێ، دەبێ بکوژانی خۆپێشاندەران و گەندەڵکاران سزابدرێن. کەواتە ئومێدی پەرتەکردنی خۆپێشاندەران ڕێگەکەی دیار نییە. بەرامبەر ئەو مکوڕیەی خۆپێشاندەران، ئایا دواجار لایەنە سیاسییەکانی شیعە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بڕیاری وەدەرنانی ئەمەریکایان دەرکرد، پەسەندی داواکانی خۆپێشاندەران دەکەن؟ بێ گومان نەخێر چونکە ئەمە خۆکوشتنە. هەر بۆیە بەرەی دژە ئەمەریکا بەردەوامە لەموشەکبارانکردنی بالێزخانەی ئەمەریکا لە بەغداو بنکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان. کەواتە ئەو ڕێگەیەش داخراوە. ئەگەر دۆخەکە بەو شێوە بەردەوام بوو، ئایا ئیدارەی ئەمەریکا عێراق دەگەڕێنێتەوە ژێر گومان نەخێر، چونکە لە دۆخێکی ئەوهادا پێویست دەکات هێزەکانی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا جارێکی دیکە بەلێشاو بگەڕێنەوە ناو عێراق، حکوومەت و پەرلەمانیش بخەنەوە دۆخی ڕاگوزاری کاتی. ئەگەر ئەمە ڕووبدا، ئەوە لایەنە شیعییەکان بەتەواوی دەچنە بەرەی بەرەنگاربوونەوە، ئەمەش ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ دەستێوەردانی بەرەی ڕووسیا، ئێران. بێ گومان ئەمە لەبەرژەوەندی ڕۆژئاوا نییە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێ عێراق بگەڕێتەوە ژێر ئەو بەندە. بەخوێندنەوەی دۆخی ئاڵۆزی سیاسی عێراق، تێدەگەین، کە بەهاری پێکهاتەی شیعە لە پاییزی سیاسی عێراقدا هەمیشە ڕێگاکانی داخراون.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
حکومەتی ژاپۆن بڕیاری دا بڕی 4.6 ملیۆن دۆلار لە یەدەگی بودجەی ئەمساڵ بۆ هێزەکانی بەرگری خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خەرج بکات .



ئیلاف:
لە توێتێکدا ، دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا بەرهەڵستکارانی خۆی لە پارتی دیموکرات بە هاوپەیمانی ئێران تۆمەتبار کرد .



ئەی ئێف پی:
دادگایەکی پاکستانی بڕیاری لەسێدارەدانی پەرویز موشەرەفی سەرۆکی پێشووتری وڵاتی هەڵوەشاندەوە.



ڕۆیتەرز:
دوای ڕووداوی تەقەکردنەکەی ئەمەریکا ، سعودیە 21 قوتابی سەربازی لە ئەمەریکا کێشایەوە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە پێگەیەکی ئاسمانی ئەمەریکی لە کەرتی ڕاینلاندی ئەڵمانیا تەرمی دوو سەربازی ئەمەریکی دۆزرایەوە کە تا ئێستا هۆکاری مردنیان نەزانراوە.



کەنالی ئار تی:
وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند: کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراق لە بەرژەوەندی ڕێکخرای داعشە .



هاوڵاتییان داوە دەکەن لەجیاتی پرۆژە بۆ شوێنە سروشتییەکانی گەشتیاری باشترە خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکرێت

ل: گەشتوگوزار

هەندێک لەو شوێنانە لە لایەن دەستەی گەشتوگوزار لە ڕێگەی کەرتی تایبەت بێت بە بیرۆکەی دروستکردنی پرۆژە و لە لایەن حکومەت هەوڵی بۆ بدرێ، بەڵام بەشێک لە هاوڵاتییان پێیان باشە شوێنەکان بە سرووشتی بمێنەوە و نەدرێن بە کەرتی تایبەت بەڵکو حکومەت خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکات و هاوڵاتییان بێ بەرامبەرسەردانی شوێنەکان بکەن و سوود لە خزمەتگوزاریەکە و لە سروشتەکە وەربگرن. دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی بە گەشتیاری کردنی ئەو جۆرە ناوچانە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لە پەیجی نادر روستی وتەبیژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بەشێک لە هاوڵاتییان نارازی بوون. ئەمەی خوارەوەش بۆچوونی هەندێک هاوڵاتییە کە لەسەر پڕستەکە کردبوویان.

هاوڵاتی ئیسماعیل شەمزینی دەڵێت: با لەو شوێنانە بەسەر بەرێت و مەیکەن بە مولکی تایبەتی کەس.!

هیوادارم خەلکی و چینی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئیدی لەو بابەتانە بێنە دەنگ و ڕێگە نەدەن شاخ و داخ و مولک و زەویە باش و ناوچە دڵڕفێنەکانمان بکرێنە پرۆژەی تاکە کەسی، ئێوەش لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار کار بۆ ئاسانکاری خەلکی ئاسایی بکەن تا چیژ ببینێت و شوێنێکی هەبێت حکومەت پرۆژەی لێ کردبێت و بتوانێت بێ پارەدان کاتەکانی تێدا بەسەر بەرێت.

هاوڵاتی محەمەد تاهیر هەسنانی دەڵێ: پرۆژەیەکی ئاوا گرنگە بە مەرجێک سوودمەندی یەکەم گەنجانی گوندەکانی دەوروبەری بێت کە زوربەیان خوێندنیان تەواو کردوە و بێ کارن . هەروەها نەبێتە مایەی هەراسان کردن بۆ ئەوانەی کە لە وێوە سەرقاڵی کشتوکاڵ و گاودارین. بەدەر لەم خاڵانە ئەچێتە خانەی دەست بە سەرداگرتن و پاوانکاری و بەرژەوەندی دەست ڕۆیشتوەکان.

هاوڵاتی مەلا زاهیر گەزنەی دەڵێ: خەمێک لە ڕێگاکەی لە چیای حەسەن بەگ بخۆن، ڕێگا هەر ئەو ڕێگایەیە کە حکومەتی بەعسی داگیرکار بۆی دروست کردوە! هەرگیز دەسەڵاتی حیزبە کوردییەکان ڕۆژێک شۆفەڵێکیان بۆ نەناردوە تەنانەت بەردەکان لەسەر ڕێگاکە لاببات.

بارزان محەمەد بەرێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران لەم بارەیەوە گوتی: چیای حەسەن بەگ شوێنێکی گرنگە بۆ گەشتوگوزاری هاوین و زستان، بۆیە خراوەتە ماستەر پلانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بیرمان لەوە کردۆتەوە کە شوێنەکە لە ڕێگای سەرمایەداران بکرێتە پرۆژەیەکی گەشتیاری بەوهۆیەی کە بتوانرێ کە خزمەتگوزاری سەردەمیانەی بۆ دابین بکرێ، چونکە حکومەت تەنیا دەتوانێ خزمەتگوزاری سەرەتایی و سادەی بۆ بکات، ئەوانیش پیویستیان بە پاراستن و خزمەتی بەردەوام هەیە، بۆ نموونە ئێمە ئاودەست و کەپر و شوێنی دانیشتنمان بۆ زۆر شوێن دابین کرد وەک لە هەندێک شوێنی گەلی عەلی بەگ کردمان، بەڵام هەموویان شکێنران و سوتیندران و لەم شوێنە نەمان! کەواتە هیچ گرێنتیک نییە کە خزمەتگوزاریەکان پارێزراوبن، ناشکرێت لە دیار هەر کورسی و دەست شۆرێک پاسەوانێک دابنرێت.



تواڵێت، پێدەچێت مایەی پێکەنین بێ، بەڵام بزانن لە وڵاتانی دیکە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت





ئاگرین محەمەد

تەواڵێت WCخزمەتگوزاریەکی زۆر گرنگە و ڕۆژانە هەموو مرۆڤێک چەند جارێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات و بە ناچاری پەنای بۆ دەبات و بەکاری دەهێنێت، شوێنەکانی گشتی و گەشتیاری بەبێ خزمەتگوزاری تەواڵێت ناکرێ پێیان بڵێچین شوێنی گەشتیاری هەیە، با چەند شوێنێکی گشتی و گەشتیاری لە جیهان بە نموونە وەربگرین و بەراوردی بە هەرێم و شوێنەکانی گەشتیاری هەرێم بکەین.

لە دەوحەوە بۆ وڵاتی سوید بۆ وڵاتی تورکیا

لەفڕۆکەخانەی دوحەی پایتەختی قەتەر کاتێ کەسێک بیەوێت بچێت بۆ تەواڵێت یان دەستونوێژ بگرێ، کەسێکیان داناوە و پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێت بچن بۆ تەواڵێت، ڕێزی لێدەگرن، پاشان کلێنسی بۆ دابنێن، وەک لەوێنەکەدا دیارە و دوای هاتنە دەرەوەی نەعلی بۆدادەنێن. لە وڵاتی سویدیش ئەو کلێنسەی کەبەکاری دەهێنن هاونیشتمانیانی ئەوێ فرێی دەدەنە ناو زبڵدانی تەواڵێتەکە، پاشان دووبارە لەڕێی لایەنی پەیوەندیدار دووبارە ئەو کلێنسە دروست دەکرێتەوە و سوودی لێ دەبینرێتەوە. لە وڵاتی تورکیا باشترین خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن، بەپارە دەچێتە ژوورەوە ئاوی گەرم و سارد هەیە، پاشان بڕی پارەی کۆکراوەش بۆ خزمەتگوزاریەکان خەرج دەکرێتەوە.

لای خۆمان لە کوردستانیش گەرانێکم کرد و پرسیم، بۆم ڕوون بووەوە کە لە شوێنەکانی گشتی و گەشتیاری هەرێمی کوردستان تەواڵێت زۆر بە کەمی هەیە، ئەوەی کە هەیە زۆر بێ خزمەتگوزاریە و زۆر بە ناڕێکی و بە خراپی بەکار دەهێنرێ. تێبینیم کرد کە حکومەت بۆ ئەم بابەتە کەمتەرخەمە و هاوڵاتییانیش ناو سەیرانگا لێوەرگرتووین، بەڵام بە داخەوە کە دەڵێم بەم زستانە کاتی چومەتە WCهەموشتێکی لێبووە جگە لەئاو.! بۆیە دەڵێم ئەمە کەی ڕاستە، تکایە فریای ئەم وڵاتە بکەون. چارەسرکردنی ئەم کێشە ئەوەندە گران نییە، کاتێ ئەم چەن وشەیەش دەنووسم خۆم بەشەرمەزار دەزانم کەباسی ئەم بابەتەم کرد، بەڵام لەڕاستی دا زۆر گرنگە. لە کۆتای دەڵێم هاونیشتمانی بەڕێز تکایە ڕێز لەو خزمەت گوزرایانە بگرە کە لە ووڵاتدا هەن.

شوێنەکان زۆر بە ناڕێکی و بە ناتەندروستی بەکاری دەهێنن.

ئاگاداری حاڵی بەشێک لەو هاونیشتمانیانم کاتێ سەردانی بازاڕ و سەیرانگاکان دەکەن بە دەست ئەم کێشەیە زۆر بێزارن و زۆر بە گلەین، بۆیە ناڵێم شوێنەکان وەک دوحەو تورکیاو سویدی لێ بکەن. بەڵام دەڵێم مەعقول نییە کە هاوڵاتی بەدەست کەمی تەواڵێت لە شوێنەگشتییەکان گیر بخوات. ئایە کەی ڕاستە کاتە چومەتە سەیرانگایەکی ئەم وڵاتەی خۆمان پارەی چونە ژوورەوەی بۆ

دەستەی گەشتوگوزار لەم هەفتەیەدا پلانی ساڵی 2020بەکۆمەڵێک چالاکیی و پرۆژە دەخاتەڕوو

چەند ساڵێکە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پلانێکی ستراتیژی کە تاکو ساڵی 2025دانراوە کاری لەسەر دەکرێ و ساڵانە بە پشت بەستن بەو پلانە ستراتیژیە، پلانی ساڵانە دادەڕێژرێت و بۆ هەر ساڵێک بە کۆمەڵێک چالاکی و کارو کردار و هەنگاو پلانەکە دەخرێتە بواری جێبەجی کردن. هەرچەندە لەم قەیران و بێ بودجەیە وەک پێویست نەتوانراوە هەموو ئامانجێکی پلانەکە بەدی بهێنرێت، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ بۆ ساڵی 2020و ساڵانی دواتر بارودۆخەکە باشتر بێت.

بە پێی زانیارییەکان کە لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار بە خەبات گەیشتووە، ئامادەکاری پلانی ساڵی 2020 تەواو بووە و لە ڕۆژی پێنج شەمە لە 16ی کانوونی دووەمی 2020بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و سەرجەم بەرێوەبەرانی دەستەی گەشتوگوزار لە دیوانی دەستە و لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، پلانەکە بە کۆمەڵێک چالاکی و پرۆژەی گرنگ دەخرێتەڕوو و لە ڕێگەی چەند لێژنەیەکیش گفتوگۆی کۆتایی لەسەر دەکرێ و پەسند دەکرێ و ئامادە دەکرێ بۆ جێبەجێ کردن.



عادل کەمال تەقیەدین، پاڵەوانی جیهانی:

راهێنەری شارەزا و بەتوانا دەبێ بزانێ جەستەی وەرزشوان پێویستی بە چ جۆرە بەرنامە و راهێنانێک هەیە



دیانە/ شاخەوان محەمەد:

کاک عادل ئێمە لەم دانیشتنەماندا وەک راهێنەرێک نەک پاڵەوانێکی لەشجوانی گفتوگۆت لەگەڵدا دەکەین و دەمانەوێ زانیاری تەواومان پێببەخش لەبارەی راهێنەرو پێمان باشە بزانین راهێنەری وەرزشی لەشجوانی دەبێ مەرج و شارەزاییەکانی لە چ ئاستێک دابێ تاکو ببێتە راهێنەرێکی بەتوانا و، لەو ئاستەدابێ کە وەرزشوان پێبگەیەنێ هۆڵی لەشجوانی بەرێوەببات. هەروەها باس لەوە دەکەین کە راهێنەری بەتوانا چۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ یاریزانەکانی خۆی دەکات و چۆن ئاموژگاریان دەکات و بەچ شێوازێک دەیانگەیەنێتە ئاستی ئەوەی کە بتوانێ بەشداری پێشبڕکێکان بکات.

*** سەرەتا پێمان بڵێ کە مەرجە بنەڕەتیەکانی راهێنەر کامانەن؟**

-بەر لەهەموو شتێک راهێنەر دەبێ خوولی هەرسێ بەشی cو bو a ببینێ. جگە لەوەش دەبێ پتر لە 15 ساڵ لەو بوارەدا وەک وەرزشوان و لەشجوان بەردەوام بووبێ.

*** ئەم خولانە چین؟**

سەرەتا bماناوەند : aکۆتایی

*** گونجاوترین جەستە کامەن بۆ وەرزشوانی لەشجوانی؟**

-مرۆژ بەگشتی سێ جۆر جەستەیان هەیە ئەوانیش بریتین لە:

1- ئیندومۆرف کە شێوەی پیتی Uی ئینگلیزیی.

2- میزۆمۆرف شێوەی پیتی Xی ئینگلیزییە.

3- ئەکتۆمۆرف شێوەی پیتی Hی ئینگلیزییە.

* لەهەموویان گونجاوتر و لەبارتر کامە جۆریانە بۆ لەشجوانی؟

-گونجاوترینیان میزۆمۆرف Xچونکە ئەم جۆرەیان لەسەرەوە پان و لەناوەڕاست باریک و لەخوارەوە رانەکانی ئەستوورن جەستەی ڕێک وەک شێوەی پیتی Xی ئینگلیزییە.

*** چۆن یاریزانەکە دەستنیشان دەکەیت و چۆن بڕیار لەوە دەدەی کە ئەو کەسە جەستەی بۆ یاری لەشجوانی گونجاوە؟**

-بەر لەهەموو شتێک تەماشای لەسەرەوە تا خوارەوە خوێندنەوەیەک بۆ جەستەی دەکرێ، کەسی شارەزا و راهێنەری بەتوانا دەزانێ ئەم جەستەیە لە کامەیانە و پێویستی بە چ جۆرە بەرنامە و راهێنانێک هەیە.

*** شێوازی دانانی ئەم بەرنامەی چۆنە؟**

-سەرەتا لەراهێنانیکی سووک دەست پێدەکات بەمەبەستی بەهێزکردنی ماسولکەو ئێسقانەکانی بۆ ئەوەی جەستەی ئاماده و تەندروست بێت بۆ یاریەکە چونکە یاری لەشجوانی یاریەکی سووک و ئاسان نییەو پێویستی بە ماسولکە و ئێسقانی ساغ و بەهێز هەیە. پاشان کۆرسی راهێنانی بۆ دادنرێ.

*** دەتوانن کۆرسەکانمان بۆ شیبکەنەوە؟**

-بەڵێ، کۆرسەکان بەم شێوەیەن:

- کۆرسی یەکەم: ماوەی 2مانگ دەخایەنێ و دەبێ وەرزشوان رۆژانە ماوەی 45خولەک تا یەک کاتژمێر کۆرسەکە پیادەبکات.

- کۆرسی دووەم: بەر لە پێدانی ئەم کۆرسە پێویستە راهێنەر دووبارە خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ جەستەی ئەو لەشجوانە بکات تا دڵنیابێ لەوە کە ئەو لەشجوانە چەندە سوودی لەکۆرسی یەکەم بینیووە.

ئینجا کۆرسی دووەمی بۆ دادەندرێ بەشێوەیەک کەوا راهێنانی کۆرسەکە بەشێوازێکی پێویست و دروست دابەش دەکرێ بەسەر ئەندامەکانی جەستەی هەر ئەندامە و بەگوێرە پێوست ژمارە و کێشی قورسایی بۆ دادەندرێ.

کۆرسی سێیەم: پێویستە راهێنەر جارێک دیکە خوێندنەوە بۆ تەواوی جەستەی یاریزانەکە بکات.

پێوستە ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەندامەکانی جەستەی یاریزانەکە وەک یەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێ، هەیە پێویستی بە راهێنانی زیاترە هی تریش هەیە پێویستی بەراهێنانی کەمترە . ئەم کۆرسەش بێگومان 4 مانگ تاکو 6مانگ دەخایەنێ.

*** ئەم جیاوازیە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

-ئەم جیاوازیە بۆ ئەوەیە تاکو هەموو جەستەی یاریزانەکە وەک یەک سوود لە


IFBB
CERTIFICATE OF ATHLETIC ACHIEVEMENT
Presented by the International Federation of BodyBuilding & Fitness
in recognition of Athletic Achievement by placing among the top finalists at the
64th World Men's Bodybuilding Championships
NAME: BAQQAL ADIL
7th place – Men's Bodybuilding Middle weight
BAKU, AZERBAIJAN 7th November 2010
Dr. Rafael Santonja, IFBB President
Paweł Filipkowski, Chairman, IFBB Judge's Committee

- لەدایک بووی شاری هەولێر گەڕەکی تەیراوە 25/3/1976

- دەستی کردووە بە وەرزشی لەشجوانی 4/4/1992

- لە 9پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی بەشداری کردووە

- لە 2پاڵەوانیەتی ئاسیا پلەی دووەمی بەدەستهێناوە

-زیاد لە 20جار پلەی یەکەم و دووەم لەسەر ئاستی عیراق بەدەستهێناوە

- ساڵانی 2010-1998پاڵەوانی هەڵپژاردەی عیراق بووە لەکێشی 75کگم

-1998وە تاکو ئێستا راهێنەری دەکات

-بڕوانامەی دبلۆم لەبواری راهێنەرایەتی و ناوبژیوانی بە پلەی نایاب لە ساڵی 2008 لە شاری ئسکەندەریەی وڵاتی میسر بەدەستهێناوە

-سەرقاڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆمە لەسەر ئاستی جیهان لە (IFBB (international federation of body building لەئیسپانیا.



دوای 3 ساڵ دابڕان

ولیامز نازناوی ئۆکلاندی بەدەستهێنا

سیرینا ولیامزی ئەستێرەی تێنسی ئەمریکی دوای 3ساڵ دابڕان، سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر سەکۆی نازناوەکان و توانی پاڵەوانێتی ئۆکلاندی نیوزلەندی بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە جیسیکا بیگۆلای هاونیشتمانی بردەوە. ولیامز کە تا ئێستا 23نازناوی لە پاڵەوانێتییەکانی گراندسلام بەدەستهێناوە، ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد و لەیاری پێش کۆتایی لەماوەی تەنها 43خولەکدا توانی لە ئەماندا ئەنیسیمۆڤا بباتەوە، بەڵام لەیاری کۆتایی پێویستی بە یەک کاتژمێر و 35خولەک هەبوو تا توانی نازناوەکە بباتەوە.



راهێنانەکە ببین و وەک بنیادبنرێن . پاشان راهێنەر بڕیاردەدات کە ئاماده بکرێت بۆ کۆرسی چوارەم و سازکردنی بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانێیەتی کە ئەویش 3-2مانگی پێویستە.

*** لەکۆرسی چوارەم واتە بۆ ئامادەکردنی بۆ بەشداری کردن لە پێشبڕکێ یاریزان چی پێویستە؟**

-کۆرسی چوارەم و بەرنامەی خواردن و خواردنەوەو ئامادەکردن بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانیەتی 3-2مانگ دەخایەنێت. دەبێ ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران و ماوەیەک یەک کاتژمێر بۆ هەر جارێکیان راهێنان بکات.

*** ئەدی لەبارەی خواردن و خواردنەوە؟**

-دەبێ هەموو جۆرە خواردنێکی چەور و شیرن و، هەروەها خواردنەوە کحولی و گازیەکانی ئەوانەی کالۆریان زۆرە لەخۆی قەدەغەبکات، تەنانەت زۆرێک لە جۆرەکانی میوە کالۆری زۆریان تێدایە ئەوانیش دەبێ خۆی لێ بپارێزێ.

*** ئەم بەرنامەیە پشت بەچی دەبەستێ؟**

- ئەم بەرنامەی خۆراکە لەلایەن راهێنەرەوە بەگوێرەی کێشی یاریزانەکە دادەنرێت. لەهەمووشی گرنگتر 3ڕۆژ بەر لە پاڵەوانیەتیەکە بەرنامەی خۆراکی بۆ دەگۆڕدرێ و هەرکەسێکیش بەگوێرەی ئەو سوودەی لەراهێنانەکەی بینیووە بەرنامەکەی دەگۆڕدرێ و دەبێ لەو 3 ڕۆژەشدا راهێنەر بەردەوام چاودێری دەکات و زۆریش ئاگاداری جۆری خواردن و ئەندامەکانی جەستەی بێ. گرنگی تەواو بە سەروو و خواروی جەستەی بدات.

*** لەپاڵەوانیەتیەکاندا زیاتر حساب بۆ چ بەشێکی لەشی یاریزانەکە دەکرێ؟**

-لە پاڵەوانێتیدا هەموو سانتیمەترێک حسابی تایبەتی بۆ دەکرێت و کاریگەری دەبێ لەسەر ئەنجام و بەدەستهێنانی پلە. دەبێ راهێنەر پشت بە شتی لاوەکی و ناسروشتی نەبەستێت و ڕێگەش نەدا یاریزانەکە پشت بەو هۆکارانە ببەستێت کە دەبنە هۆی شێواندنی جەستەی و تێکدان و نەهێشتنی تەنسیق لەنێوان ئەندامەکانی جەستەی.

زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمەت ڕەخساند و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامت بۆ دەخوازین و هیوادارین هەمیشە بتوانن یاریزانی لەشجوانی باش و بەناوبانگ لەسەر ئاستی جیهان پێبگەیەنن.

- زۆر سوپاس بۆ ئێوەو ڕۆژنامەی ئازیز خەبات هیوادارم ڕۆژنامەکەتان هەمیشە لەپێشکەوتندابێت و وەک هەمیشە گرنگی بەبواری وەرزش بدەن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed.15. Jan. 2020 No: (5911)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ئازاد تەنیا: جوانی و سروشتی وڵاتەکەم وای کرد ببمە هونەرمەندێکی شێوەکار

خەبات: سولێن سلێمان

ئازاد رەشید کە بە ئازاد تەنیا ناسراوە یەکێکە لە وێنە کێشە باناوبانگەکانی کوردستان کە وێنەکانی بە شێوەیەکی زۆر سەرنج راکێش دروست دەکات لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت:



لەساڵی (1984) دەستم بە کاری وێنە کێشان کردووە، و لە هەمان ساڵیشدا دەستم بە ساز لێدان کردووە و تا ئێستاش بەردەوامم، گوتیشی ئەوە بەهەردەکە خوا پێی داوم راستە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نەمخوێندووە بەڵام بە هەمو شێوەیەک دەتوانم وێنە بکێشم ، دەشڵێت وێنە کێشان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیایەکی من بووە ، جوانی و سروشتی وڵاتەکەم وای کردووە ببم بە هونەرمەندێکی شێوەکار، سەبارەت بەو وێنانەی کە دەیکێشێت دەڵێت: هەر وێنەیەک کە دەیکێشم بە دڵ و بە گیان دەیکێشم ، لەگەڵ ئەوەی خولیایەکی منداڵیمە و لەگەڵ ناخو خوێنیشم تێکەڵ بووە و لێی راهاتووم هەر لە منداڵیەوە، و زۆریش پێی دڵخۆشم کە وێنە دەکێشم بە وێنە کێشان دەچمە دونیایەکی خەیاڵی، هەروەها دەڵێت هەر وێنەیەک کە دروستی دەکەم ماوەی (10) دەقەی پێ دەچێت تەواوی دەکەم ، سەرنجی خەڵکێکی زۆرم بە لای خۆمدا راکێشاوە، لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا تا ئێستا هیچ پێشەنگایەکی بۆ وێنەکانی کردۆتەوە ؟

دەڵێت: بەڵێ تا ئێستا زۆر پێشەنگام بۆ نمایش کردنی وێنەکانم کردووتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکەم لەلای قەڵات خۆی لە خۆیدا پێشەنگایەکە چونکە رۆژانە خەڵکێکی زۆر پیادا تێپەڕ دەبن و وێنەکانم دەبینن ، هەروەها شوێنێکی خۆشیشە بۆ من چونکە شوێنێکی بەرچاوە ، وێنە کێشیش دەبێت لە شوێنێک بێت بەرچاو بێت نەوەک شوێنێکی چۆڵ هەڵبژێرێت ، لە بارەی ئەوەی کە وەزارەتی رۆشنبیری هیچ هاوکارییەکی کردووە؟دەڵێت: نەخێر تا ئێستا هیچ هاوکارییەکی نەکردووم و چونکە لە کوردستان هیچ بایەخ بە هونەرمەند نادرێت هەتا سەردانیشم کردوون و دەشم ناسن و ڕێزم لێ دەگرن بەڵام داواکارییەکانت بۆ بە جێ ناگەیێنن، ئاشکراشی کرد و گوتی کەوا (16) کێبی فێرکاریم هەیە لە بارەی وێنە کێشان کەوا خەڵک لەسەری فێری چۆنییەتی وێنەکێشان دەبێت و هەریەک لە کێبی فێرکاری و خۆشنووسین و ساز لێدان، و ڕۆژانەش قوتابییەکی زۆر لە پەیمانگاو و کۆلێژی هونەرە جوانەکان سەردانم دەکەن بە مەبەستی فێرکردنیان چ لە بواری وێنەکێشان و ساز لێدان و منیش بە خۆشحاڵییەوە فێریان دەکەم، و هەر ڕۆژێکیش دەست بە وێنە کێشان بکەم وا هەست دەکەم ئەوە یەکەم ڕۆژ بێت کە دەستم پێ کردبێت، ئاماژەی بەوەش دا کەوا لە ڕێگەی ئەو وێنانەی کەوا دەیکێشێت توانیویەتی بژێوی ژیانی پێ دابین بکات ، هەروەها چەندین کەناڵی بیانی و و کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووم، بەشداریم لە چەند فیلمێکدا کردووە کە ڕۆڵی سەرەکیم تێدا بینیوە و چەندین خە لاتیشم تێدا بە دەست هێناوە وەک فیلمی (وێنەی شکاو و تاڵی ژیان)، لە کۆتایشدا پەیامی ئەوەیە کە بێتە هونەرمەندێکی شێوەکاری ناوداری کورد وەک شێوەکارە جیهانیەکان بۆ سەربەرزی وڵاتەکەی.

چاپکراوی نوێ

هزر و هەڵوێست لای عزەدین مستەفا ڕەسوڵ



کتێبی (هزر و هەڵوێست لای عزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بە قەبارەیەکی گەورە و 168 لاپەڕە، لە نووسینی هاوکارمان زانیار سەردار قڕگەیی، پرۆفیسۆر نەسرین فەخری پێشەکیی بۆ نووسیوە، دیدارەکانی ئەم کتێبە پێشتر لە ڕۆژنامەی خەبات و هەفتەنامەی باس بڵاوکراونەتەوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە زۆر زانیاری تێدایە، کە دەکرێ ببێتە سەرچاوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو ماوەیەی میژووی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی دەکۆڵنەوە، شایانی باسە چەند لاپەڕەیەکی کۆتایی بۆ چەند وێنەیەکی پەیوەندیدار بە ناوەڕۆکی کتێبەکە تەرخان کراوە، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.



هونەر ساڵەیی

پێشانگەی روانین دەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین:

بەچاوەڕی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و بەئامادەبوونی دەستەی باڵای ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و مامۆستایانی زانکۆ لە دیوانی زانکۆی تیشک پێشەنگای هونەرمەندی شێوەکار هونەرسالەی کرایەوە.جێی ئاماژەیەپێشانگەکە لە چل و پێنج تابلۆ پێکهاتبوو تایبەت بە سروشت و کەلتووری کوردستان.



خاتوونێک لە کاتی دروستکردنی نانی هەورامی دا

گوگڵ تەکنەلۆژیایەکی ناوازە لە شاشەی مۆبایلدا بەرهەم دێنێت

هەردەوان: کۆمپانیای گوگڵ بڕی ٨٨٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی خستۆتە بەردەم کۆمپانیای (LG)ی کۆریای باشوور بۆ دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە شاشەی مۆبایل. وەبەرهێنانەکەش بۆ گەشەدانە بە تەکنیکی شاشەی (OLED) لاستیکی لە تەلەفۆنی زیرەکدا.ڕۆژنامەی (ئەلەکترۆنیک تایمز) لە زاری سەرچاوەیەکەوە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە بڵاوی کردەوە، کۆمپانیای ئەو وەبەرهێنانەی خستۆتە بەردەم (ئێل جی) لە پێناوی مسۆگەرکردنی سەرچاوەیەکی جێگیربۆ بەدەستهێنانی شاشەی نوێی (OLED) لاستیکی بۆ ئەوەی نوێبی مۆبایلی پیکسڵی زیرەک.سامسۆنگ لە تەلەفۆنی گالاکسیدا شاشەی (OLED) چەماوە بەکاردێنێت لەکاتێکدا ئەپڵ لە مۆبایلی نوێی ئایفۆندا هەمان تەکنیک بەکارناهێنێت، ئەوەش مانای وایە گوگڵ هەوڵدەدات هەنگاوێک بەرەوپێشتر بچێت و لەبری شاشەی چەماوە شاشەی لاستیکی گەشە پێبدات.

ئەسڵە نەسری لە هاوسەرەکەی جیابووەوە



هەمزە سەرحان:

خانمە گۆرانیبێژی بە ڕەگەز سووری ئەسڵە نەسری، جیابونەوەی خۆی لە تاریق عەریان ڕاگەیاند. ئەسڵە نەسری و تاریق لە ساڵی 2006 ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێنا ، خاوەنی دوو منداڵن بە ناوی ئادەم و عەلی، لە سەرەتای ئەمساڵدا بە فەرمی جیابونەوە. ئەسڵە دەربارەی جیابونەوەی خۆی لە تاریق لە پێگەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام ڕایگەیاند "بە خەمبارییەوە ڕایدەگەیەنم کە لە باوکی منداڵەکانم جیابومەتەوە، هیوادارم هیچ کەسێک نەیەتە ناو وردەکاری ژیانمەوە، هەوڵ دەدەم بەرپرسیارانە ڕەفتاربکەم بەرامبەر منداڵەکانم".

وتیشی:«لە ئێستادا من پێویستیم بە پاڵپشتی هەوادارەکانم بۆ ئەوەی بەردەوام بم، من بڕوام بە دادپەروەری خودا و ئەو قەدەرە هەیە کە خودا بۆمنی هەڵبژاردوە» . ئەسڵە، یەکێکە لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی میژووی موزیک و گۆرانی عەرەبی، لەدایکبووی ساڵی 1969خەڵکی دیمەشقە، کچی هونەرمەند مستەفا نەسری بووە، دووجار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەجاری یەکەم لەگەڵ پیاوێک بەناوی ئەیمەن زەهبی و کۆڕ و کچێکی بووە بەناوی خالید و شام، بەڵام دواتر جیادەبێتەوە و لەساڵی 2006 هاوسەرگیری لەگەڵ دەرهێنەر تارق عەریان دەکات و دو کۆڕی دوانەی هەیە بەناوی عەلی و ئادەم، ئەمساڵ بە فەرمی جیابوونەوە.